# گرفتە کۆمەڵایەتی ودەروونییەکانی نەوجەوانان لە خانەکانی نەوجەوانان
# توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەپارێزگای سلێمانی

**م. کوێستان علی عبدالله**
**زانکۆی سلێمانی /کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**پوختە**

باسکردن لەنەوجەوانان لە خانەکانی نەوجەواناندا یاخود منداڵانی بێ سەرپەرشت ، دەکرێت لە هەر سەردەمە و قۆناغێکدا ڕەنك دانەوەی ئەو سەردەمە بێت کەتێیدا ژیان دەگوزەرێنێت.لەبەر ئەوە بەردەوام لەناو کۆمەڵگەدا دەرکەوتوە ودیاربوە، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا باس لە گرفتە کۆمەڵایەتی و دەرونی یەکانی منداڵانی بێ سەرپەرشت (نەوجەوانان)دەکەین لەناو بنکەکانی چاودێری کۆمەڵاییەتی (خانەکانی نەوجەوانان) دا ،ئەویش بە داتا و توێژینەوەکردن لەسەرئەو منداڵانە و دەرخستی گرفتەکانیان لەبنکەکانی چاودێری کردندا ،بەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ .چونکە چەند دیاردەیەکی دەرونی و نەخۆشی لەناو زۆرینەی منداڵەکاندا دیارە وەك شەرم کردن و خۆ بەکەم زانین و حەزبەتەنیایی کردن وشکاندن وتێکدانی کەلو پەلەکانی لە ناو خانەکان .باس لەدەرخستنی بەرنامەوچالاکییەکانی ناوخانەکان دەکەین.

کێشەی دەروونی وکۆمەڵایەتیەکان لەژیانی ڕۆژانەدا زۆر بەدیاردەکەوێ،چونکە هەلومەرجەکانی واقیع بەردەوام لەگەڵ حەزەکانی مرۆڤ و ئاستی بەرتەماییەکان و حەزەکانی ناگونجێت و بەیەك ئاڕاستەدا ناچن و بەردەوامیش لەیەك کاتدا ناتوانرێ جێبەجێ بکرێن و بێنەدی، چونکە مرۆڤ حەز و خولیاکانی شاراوەن و داواکارییەکانی زۆربەی جار دژ بە خەڵکی دیکەیە. جا ئەگەر مرۆڤ باوەڕێکی پتەوی بەخۆی هەبوو و پەیوەندیشی لەگەڵ واقیعدا بەرهەمدار بوو، ئەوا کێشەکانی بەخێرایی چارەسەر دەکات و هەندێك جار خۆی لەگەڵا دۆخەکەدا دەگونجێنێت و هەندێك جاریش سازش دەکات. بەڵام ئەگەر ئەو لایەنانەی تیدا سست و لاواز بوو، ئەوا ئەگەری تەشەنەکردنی کێشەکانی پتر دەبێت و کێشەکەی زۆر توند دەبێت و ڕێگە بەرەو لادانی تاکەکە خۆشدەکات.

ئەم کێشەیە زیاد دەکات بە پێی کێشەکانی ڕو دەکاتە کۆمەڵگەکان، خانەی نەوجەوانان کوڕان و کچان کە نمونەی توێژینەوەکەی ئێمەن هەردوکیان خاوەنی دوو مێژوی جیاوازن خانەی کوڕان لەساڵی(١٩٥٣) دامەزراوە لەسەرەتادا ئەم خانەیە پێی وتراوە قوتابخانەی جەناحی ئیسلامی کە دەگەڕێتەوە بۆساڵی(١٩٥٨)ئەبێت بە(دارالاحداث ).دوای ئەوەی کە چووە سەر خانەی دەوڵەت بووەخانەی( دارالایتام )واتە خانەی هەتیوان وەساڵی(١٩٨٠)ناوی ئەگۆڕن بە(دارالدول للاحداث) لەساڵی(٢٠٠٧)ناوی ماڵی نەوجەوانانی کوڕانی لێنرا ، ساڵی( ١٩٩٢ )لانەی ئوڵف پاڵمی هەبوو بۆ منداڵان کە لە(٥ - ١٢ ) ساڵی دەگرێتەوە دواتر (١٢- ١٨)ساڵی وەردەگیرا بەڵام لانەی ئۆڵف پاڵمی لە ئێستادا نەماوە چونکە فەرمانبەرەکانی بەهۆی پرۆسەی ئازاد کردنی عێراقەوە رۆشتونەتەوە و ئێستا لەگەڵ ماڵی کوڕاندا بووە بە یەك،ماڵی نەوجەوانانی کوڕان پێش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە ئیشی بۆ دەکرا بەتایبەت

یونسکۆ( W.H.O )لەگەڵ ڕێکخراوەکانی فاو پشتوانیان دەکرد بەڵام دوای پرۆسە چووە سەر کاری دەوڵەت بۆ ماوەی (٤-٥) ساڵ کە ئێستەش لەسەر دەوڵەتە ، بەڵام خانەی کچان لەساڵی ( ١٩٨٠) دامەزراوە لەو ڕۆژەوەی درووست بووە کار لەسەر بە ئاگا بونی نەو جەوانان دەکات کە توشی گرفت بوون وەك کێشەی خێزانی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان.نەوجەوانان لە ژێرچاودێری ئەم خانەیەدان . کەواتە مێژوی نەوجەوانان مێژویەکی دیاریکراونیە بە تەنها بەڵکو مێژویەکە کە وابەستەی هەموسەردەمە جیا جیانی مێژوە هەڵقوڵاوی ململانێ یە تائێستا ئەمەش دەرکەوتەی ئەوەیە ئەم مێژوە لەو کاتەوە دەست پێدەکات لەتاکە جیاجیاکاندا کە نەوجەوان دەکەوێتە ژێر فشاری دەرونی و کەلتوری وکۆمەڵایەتی .

سەرەڕای بوونی کۆمەڵێك گۆڕانکار فیسۆلوجی کەوای لێ دەکات بێزاری بکات بەتایبەت ئەوانەی کە لە خانەکاندا ژیان دە گوزەرێنن و دورن لە خۆشەویستی و سۆزی خێزان و پێکەوە ژیان .باش مامەڵە کردن لەگەڵیدا کۆنترۆڵی دەکات بەشێوەیەکی ئاسایی گەشەبکات و بۆشایە کانی ژیانی پڕکاتەوە لە سۆز و خۆشەویستی و بەدەست هێنانی متمانەی ژیان .ئەم توێژینەوەیە (گرفتە دەرونی وکۆمەڵایەتی یەکانی نەوجەوانان لە خانەکانی نەوجەوانان) یەکێکە لە وهەوڵانەی کە ئامانجی دەرخستنی گرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی نەوجەوانانە لە نێو خانەکانی نەوجەواناندا ،گرنگە پێدانی ئەم توێژەو دەرخستنی بەرنامە وچالاکیە کانی نێو خانەکانە و هە ولدان بۆ ناساندنی و کەم کردنەوە گرفتەکانیان و پێشکەش کردنی بەرنامە وچالاکی جۆراوکە لەگەڵ بارودۆخی ژیانی ئەم سەردەمەدا بگونجێت.

تەواوی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەدوو دەروازەی گرنگدا دەبینێتەوە دەروازەی یەکەمیان :بریتیەلەبواری تیۆری توێژینەوەکە کەتێیدا هەوڵ دراوە باسکردن و شیکردنەوەیەکی تیۆری بۆ بابەتی توێژینەوەکە ئەنجام بدرێت.ئەم دەروازەیەش خۆی لە دوو بەشدا دەبینێتەوە بەشی یەکەم دوو باس لە خۆی دەگرێت باسی یەکەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەیە ،کەباس لە کێشەو گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە دەکات.باسی دووەمیش دیاری کردنی ئەو چەمك و زاراوەیەی لە خۆگرتوە کە لە ناو توێژینەوەکەدا بەکار هاتوەبەمەبەستی ڕوون کردنەوەو ناساندنی بە خوێنەر.بەشی دووەم باسی یەکەم لە توێژینەوەکەباس لە گیروگرفتە دەرونی و کۆمەڵایەتیەکان نەوجەوانان دەکات لە نێو خانەکانی نەوجەواناندا وباسی دووەم باس لە بەرنامەو چالاکیەکانی خانەکانی نەوجەوانان دەکات.دەروازەی دووەم :پێکدێت لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دابەش دەبێت بە دوو بەشی سەرەکی بەشی سێیەم چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکەلە سێ باسدا خۆی دەبینێتەوە، باسی یەکەم میتۆد و ڕێوشوێنەکانی لایەنی مەیدانیە،واتە بابەتەکانی وەك میتۆدی توێژینەوەکە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری وئامرازە ئامارییەکانی بەکارهاتوی ناو توێژینەوەکە نیشان دەدات.باسی دووەم تەرخان کراوە بۆ خستنە ڕوو و شیکردنەوەی خشتەکان ،ئەنجامی مەیدانی توێژینەوەکە، باسی سێیەمی توێژینەوەکە دەرئەنجام وڕاسپاردەو پێشنیارەکان خراوەتە ڕوو.

**الملخص**

مجتمع هذه الدراسة منتقا بنسب مختلفه بين الجنسين، فكانت نسبه مشاركة الذكور (٥٥,٥%) بينما شغلت نسبة الاناث(٤٤,٤%) من الحصيلة الكلية لمجتمع الدراسة. توصلت هذه الدراسة الى جملة من النتائج، فى مقدمتها اكتشاف هوية الاطفال المنضمين الى دور رعاية الاحداث حيث كانت النسبة الاكبر من نصيب الذين فقدوا والديهم. وبعد ان استعرضت الدراسة المشاكل النفسية والاجتماعية التى يتعرج لها الاحداث داخل دور الرعايه استنتجت الدافع وراء انضمام كلا الجنسين الى دور الرعاية والمتمثل بمعاناة الجنسين اثر تدهور الاوضاع نتيجه المشاكل الاجتماعية

المتمثلة بالعدوان والخجل والخوف ومشاكل اخرى تتعلق بالبحث عن الهوية، فضلاً عن تدهور العلاقات مع الاقران. وتوصلت الدراسة ايضاً الى رغبة (٧٥%) من العدد الكلى للاحداث فى ترك دار الرعاية والعودة الى احضان اسرهم الدافئة، مما لاشك فيه ان الاسرة هي المؤسسة الاولى لتنشئة الفرد واحساسه بالأمن والدفىء والسعادة. كما استنتجت الدراسة ضعف العلاقة بين الاحداث والعاملين فى الدار، حيث جاء على لسان حال نسبة (٥٥,٥%) من الاحداث تقصير العاملين والاجتماعيين فى اداء وظائفهم واستخدامهم العنف فى التعامل. ومن جهة اخرى استعرضت الدارسة خيبة امل الاحداث من كافة برامج ونشاطات الدار حيث اتفق (٧٠%) من الاحداث استيائهم على برامج ونشاطات الدار، وارجعوا السبب الى عدم ملائمتها مع احتياجاتهم، اضافة الى ذلك غياب تنوع الانشطة داخل الدار، خاصة وهم يمرون بمرحلة عمرية مفعمة بالحيوية ويلزمهم التعبير عن مهاراتهم لتمنية قدارتهم المعرفية والذهنية والجسدية. اكتشفت الدارسة انتشار الخوف والقلق وشعور غريب فى نفوس الاحداث وقد ينتج عن استمرارها امراض نفسية فى المستقبل. الى جانب ما جاء، توصلت الدراسة الى شعور الاحداث بالدونية والسخط نتيجة المشاكل الاسرية وغياب العلاقات فيما بين الاحداث انفسهم، وبطيعة الحال ينتج عن كل هذا مشاكل اجتماعية تدفع الاحداث الى خرق القوانين المعمول بها داخل دار الرعاية، وفى المقابل يتصرف العاملين فى الدار بطريقة عدوانية مستخدمين العنف لتأديب الاحداث وضبط أمن الدار. تعتبر هذه الدراسة الموسومة بـ(المشكلات النفسية والاجتماعية عند احداث دور الرعاية) احدى الدراسات الهادفة الى اظهار المشاكل الاجتماعية والنفسية التى تواجه الاحداث داخل دور الرعاية، وتسعى الدراسة الى تعريف هذه الطبقة انطلاقا منه الى توضيح الانشطة المعمول بها داخل دور الرعاية للوصول الى وضع برنامج فعال يقلل من حجم التحديات من جهة، واقتراح برامج وانشطه متنوعة تتناسب مع اعمار الاحداث من جهة اخرى. وقد جاءت هذه الدراسة فى بابين رئيسين وهما الجانب النظرى والجانب الميدانى، يحاول الجانب النظرى شرح وتحليل الموضوع نظرياً، لذا تم تقسيمه الى فصلين، الفصل الاول يضم مبحثين اثنين جاء فى المبحث الاول الاطار النظرى للبحث، وفيه مشكله البحپ واهداف البحپ، بينما عمد المبحپ الپانى الى تعريف المصگلحات المستخدمه فى البحث لغرض تبسيطها للقارىء. والمبحث الاول من الفصل الثانى يتناول المشكلات النفسية والاجتماعية التى يتعرض لها الاحداث فى دور الرعاية، والمبحث الثانى منه يتناول البرامج والنشاطات المقدمة فى دور الرعاية. ثم يأتى الجانب الميدانى لينقسم الى فصلين اساسيين تناولنا فى الفصل الثالث الاطار المنهجى للبحث حيث ينقسم الى ثلاثة مباحث، يتخصص المبحث الاول فى شرح المنهجية واجراءات الجانب الميدانى، واهمها منهجية البحث وادوات جمع البيانات والاساليب الاحصائية المستخدمة فى البحث، ويأتى المبحث الثانى منه لمناقشث وتحليل جداول الجانب الميدانى للبحث، والمبحث الثالث يعرض اهم الاستنتاجات والتوصيات والمقترحات.


## Abstract

Nonrandom sampling was the dependent methodology to select the population of the study, consequently, the percentage of male participation was (%55.5), whereas the percentage of female participation was (%44.4). As a result of conducting this study, many results were highlighted. First, the study concluded that deprived children represent the majority in Juvenile Detention Centers. Next, the study investigated the common psychological and social problems that face juveniles of both sex during their staying in the Juvenile Detention Center, as a result, the study found that they feel anxiety most of the time due to aggression, shame, fear and other problems related to the search for identity as well as poor communication with peers.Then, the study found that (%75) of the total population of the study are willing to leave the detention centers and return to the warmth of their families, for family is the fundamental institution to nurture individuals and to

build the sense of attachment and happiness. The research also found that the communication between the juveniles and social workers and other members of detention centers is weak. A percentage of 55.5 of the juveniles complained that members of detention centers and social workers fail to perform their duties supposedly. Therefore, they tend to use violence to prevent disobeying. Consequently, the research displayed disappointments of the juveniles over the used programs and activities practiced by the detention centers which according to them do not answer their needs on one hand, and lacks variety on the other hand. Especially, for juvenile age they need opportunities to express themselves, grow skills and develop their cognitive, mental and physical abilities. The research found that juveniles experience fear, anxiety and strange feelings which in the event of continuation might result psychological disorder, it encourages juvenile to develop skills and fill the gaps caused be lack of love and compassion.This research, entitled “Psychological and Social Problems Confronting Juveniles in Detention Centers” is aiming to uncover psychological and social problems confronting juveniles in detention centers on one hand, and on the other hand to introduce this class to the society. Additionally, the study aims to display the programs and activities applied in the detention centers in order to approach fruitful programs and activities in the future to defy the challenges and to propose colorful programs and activities suitable for juveniles age. The current research consists of two main parts; theoretical and practical. The theoretical part is devoted to explain and analyze the topic theoretically. Therefore, it is divided into two chapters, the first chapter is divided to two sections. In the first section, the theoretical framework of the research is organized to includ problem and objectives of the research. While the second section is an introduction to terminology used in the research in order to make it easier on the reader. The composition of the second chapter is two sections as well. The first section deals with psychological and social problems that face juveniles in the detention centers. Whereas the second section displays the programs and activities presented in the detentions centers. The practical part is divided to two main chapters. The first chapter is appointed to introduce the methodology of the research. Thus, this chapter is divided to three sections. In the first section, we introduce the methodology and requirements of the practical part including methodology, data collecting tools, and statistical methods. The second section analyzes and discusses the charts. Finally, the third section is devoted for conclusions, recommendations and proposals.

## بەشی یەکەم /لایەنی تیۆری

### باسی یەکەم/چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

**یەکەم/کێشەی توێژینەوە:** توێژینەوە زانستی و ئەکادیمی ییەکان بە ڕستەیەکی روون وئاشکرا دەست پـێ دەکەن کە بریتیە لەو گیروگرفتەی وەك دۆخێکی تایبەتی دێتە بەردەم توێژەر و پاڵی پێوە دەنێ بۆ گرنگی پێـدان و هەوڵدان بـۆ لێکـدانی خـاڵە گرنگەکـانی تـوێژینەوەکە ئەمەش بەهـۆی ئەو رێگایـانەی کە تـوێژەر دەیگـرێتە بەر بـۆ بەئەنجـام گەیانـدنی تـوێژینەوەکەی ،جـگە لەوەی ئەو هۆکارانـە ی کە دَیـتە بەردەم تـوێژەر لە کـاتی هەڵبژاردنـی بابەتێـك یـان گیروگرفتێـك بە گـوێرەی جیـاوازی بـارودۆخ و گیروگرفتەکـانی کۆمەڵگـا بەڵام هەسـتکردن بە بـوونی گیروگرفتێـك دادەنرێت بە گرنکترین هەنگاوە سەرەکیەکانی کە پاڵ بە توێژەرەوە دەنێت بۆ بیر کـردنەوە لێـی و تـوێژینەو کـردن لە بارەی. بـابەتی ئەم تـوێژینەوەیەش خسـتنە رووی گیروگـرفتە دەرونـی و کۆمەڵایەتیەکـانی نەوجەوانـان لە خانەکـانە نەوجەواناندا ناساندنی کارو چالاکیەکانی بنکەکانی چاودێری کردنی نەوجەوانانە لە پارێزگای سلێمانی.

**دووەم / گرنگی توێژینەوەکە:**

**گرنگی تیۆری** :گرنگی تیۆری ئەم بابەتە جەخت خسـتنە سـەر تـوێژی نەوجەوانـی بـێ سەرپەرشـت لە کـۆمەڵگەی کوردیدا بەشێکی دیاری کراون ، گومانی تێدا نـیە کە سـەرجەم چـین و توێژەکـانی کۆمەڵگای مرۆڤـی لە هەرقونـاغ و

ئاستێکدا بێت روو بەڕووی چەند گرفتێك دەبێتەوە.منداڵ ونەوجەوانیش بەدەر نیە لەو چینانەی کۆمەڵگا کە چینێکی هەستیارو کامڵ نین وپێویستیان بە چاودێری و ڕێنمایی وپشتگیری کردن هەیە بەتایبەتی ئەوانەی کە بی دایك و باوکن یان دابڕاون لە خێزانەکانیان بێ بەشن لە خۆشەویستی و سۆزەی کە خێزان پێیان دەبەخشێت لە ناو بنکەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دا سەرپەرشتی دەکرێن و چاودێری دەکرێن . بێ گومان ژیانی ناو بنکەکان زور جیاوازە لە ژیانی ئاسایی ناو خێزان و پەروەردەی سروشتی باوانیان هەرلەبەر ئەمە ش توشی گرفتی دەرونی و کۆمەڵایەتی دەبن.بۆیە بابەتی توێژینەوەکە باسکردنی گرفتەدەرونی وکۆمەڵایەتی یەکانی نەوجەوانانی بێ سەرپەرشتن لەناوبنکەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی پارێزگای سلێمانی یەبەمەبەستی خزمەتکردن بەوتوێژەی ناوکۆمەڵگاکەمان. گرنگیەکی دیکەی تیۆری هەیەگەیاندنی پەیامەتیۆریەکانی بابەتەکەیەلەڕێگای خستنەڕووی کۆمەلێك سەرچاوەی زانستی وبابەتییەوە کۆمەلێك زانیاری ووردو وتوێژینەوەو ئەو نوسراوانەی کەلەسەر بابەتەکە نوسراون و دەبنە پالپشتێکی بەهێزی توێژینەوەکە.

**گرنگی پڕاکتیکی:** گرنگی پڕاکتیکی خۆی دەبینێتەوە لە خستنە ڕووی کۆمەلێك داتای وورد و زانستی لەسەر واقعی خانەکانی نەوجەوانان و و گرفتە دەرونی و کۆمەڵایەتیەکانی نەوجەوانان لە خانەکانی نەوجەواناندا لە لایەکی ترەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی سەرەتایی یە لە بواری کاری کۆمەڵایەتی نەوجەواناندا کە چاوەڕوان دەکرێت دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەکە ببێتە سەرەتایەکی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەم بابەتەدا.

**سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە:**

١- خستنەڕووی گرفتە دەرونیەکان و کۆمەڵایەتی یەکانی نەوجەوانان لەناو بنکەی چاودێری کۆمەڵایەتیدا.

٢- ناساندنی کارو چالاکیەکانی بنکەکانی چاودێری کردنی (خانەکانی نەوجەوانان) لە پارێزگای سلێمانی.

**باسی دووەم/دیاریکردنی چەمك و زاراوەزانستیە کانی تویزینە وە :**

**یەکەم/گرفتە دەروونیەکان :-** دۆخێکە کە مرۆڤ پیایدا گوزەر دەکات لەوکاتەدا دروست دەبێت کە ناتوانێ لەیەك کاتدا دوو پاڵنەر تێربکات. کێشە دۆخێکی ئاڵۆزە و تاك لەوکاتەدا پیایدا گوزەر دەکات کە دەکەوێتە بەردەم دوو پاڵنەری هاوتا لەهێزدا و هەریەکە و سەرچاوەی خۆیان هەیە. ( د.عزالدین،٢٠١٧: ٣٢)زۆربەی دۆخەکانی کێشە بەهۆی ئەو کۆسپ و ڕێگرییانەوە دروست دەبێت کە کۆمەڵگە لەبەردەم زۆربەی ئەو پاڵنەرە بەهێزانەی دادەنێت کە لەنێو خودی تاکەکان دایە. هەروەها هەڵوێستی هەندێکیان ڕاکێشەر و هی هەندێکیشیان پاڵنەرە( پشتیوان،٢٠١٢: ٧٧).کەسانێك کە هەست بە کەمی دەکەن ،هەروەها ناتوانن ڕووبەڕووی خەڵك ببنەوە و ئاخاوتن لەگەڵ کەسە ئاساییەکاندا بکەن.

هەروەها شڵەژانێکی کردارییە لە کەسایەتی مرۆڤ بە نیشانەی جەستەیی و دەروونی جیاواز دەرئەکەوێت،وەك دڵەڕاوکێ وەسوەسی و فۆبیا ،دروست بوونی گومان لە دەوروبەری بە بێ هیچ بەڵگەیەك.ئەو کاتە ڕوودەدات کە کەسێك ڕووبەڕووی ڕوداوێکی ناخۆشی کتوپڕ،یان چاوەڕوان نەکراوی لە ناکاو دەبێت و لە ئاکامدا توانستەکانی تاك بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئاسایی تێکدەچێت و دەشڵەژێت(محمد،٢٠١٤: ٩٢). بەزۆری شڵەژان و گرفت و کێشە دەروونییەکان لەو قۆناغ و سەردەمانەدا ڕوودەدەن کە گۆڕانکارییەکان خێرا وکت و پڕ و لەناکاون. یەکێك لەو قۆناغانەش کە گەشەکردن وگۆڕانکاری تیایدا خێراو کتوپڕو لەناکاوە، قۆناغی نەوجەوانی یان هەرزەکارییە. لەسەرەتادا نەوجەوان ڕووبەڕووی زۆرداواکاری کۆمەڵایەتی دەبێتەوەو لەهەمان کاتیشدا گۆڕانکارییە

جەستەییەکانی فشاری زۆری دەخەنە سەر، هەر لەبەر ئەوەشە لەکاتی باڵق بووندا تووشی ژمارەیەك گیروگرفت دەبێت و هەندێك جاریش هاوسەنگی خۆی لەدەست دەدات(د.سالم،٢٠٠٤: ٥٦). بەهۆی لەدەست دانی خێزانەکەیەوە و ژیان بە سەر بردن لە نێو دامەزراوەیەکی نێو کۆمەڵگەدا کە بارودۆخێکی ئاڵۆزی بۆدروست دەبێت و توشی گرفتی دەروونی دەکات و توانای گونجاندنی کەم دەکات ، هەرچەندە ئەو کێشە و گیروگرفت و گۆڕانکارییانەی لەم قۆناغە دا مەترسیدار نین و نەوجەوان تووشی لادان و سەرەڕۆیی ناکەن، بەڵام دەبنە هۆی زیادکردنی گریمان و ئەگەری تووشبوون بە کۆمەڵێك کێشە وگرفتی دەرونی، بەتایبەتی لەلای ئەو نەوجەوانانەیکە پێشتر بەهۆی بارودۆخی نالەباری ناو خانەکانی نەوجەوانانەوە ولەدەست دانی خوشەویستی نێو خێزان و پەروەردەی هەڵەوە، ئامادەباشی لادان و سەرەڕۆییان لەلا دروست بووە( اسما:٤).

تویژەر بۆ ئەم چەمکە بەم شێوەیە پێناسەی دەکات :- کێشەی دەروونی شوێنەواری بەدەردەکەوێت لەسەر زیانی نەوجەوان ، بەکۆمەڵێک نەخۆشی دەرونی لەوانەش: ترسان، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، تۆقین، تێکچون لە جوڵە و قسەکردنیدا دواکەوتنی زمان، زۆر خەوتن وخەوبینینی ناخۆش و بێزارکەر وترسانی شەوان بە تایبەت لە تاریکیدا .کە واتە نەوجەوانان بەهۆی ئەو کێشە دە روونیانەی تووشیان بووە ئەگەری ئەوەی هەیە ڕەنگە ببێتە لەدەستدانی سەرفرازی و باوەڕبوون بەخۆیان ، وە پێویستی پەروەردە کردن پێویستە سەر لەنوێ هەل و مەرجێکیان بۆ بڕەخسێنن بۆ دروست کردنەوەی کەسایەتیەکەیان تا باوەڕ بەخۆیان پەیدا بکەن بۆ جارێکی تر وە کەسایەتی خۆیان ببینن لەو ئاستەی شیاوە بۆیان تا جارێکی تر تووشی لادان و مەترسی نەبنەوە.

**دووەم/گرفتە کۆمەڵایەتیەکان: -**دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە کەلێنێکی دیاری کراو لە سیستمی کۆمەڵایەتی باودا دروست دەکات و کاریگەری لەسەر جێگری کۆمەڵگا دەبێت و هەرەشەش لە بەردەوام بوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەکان.ڕەفتارێکی لادەرانە یان هەڵوەشاندنەوەیەك لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە( د.سالم،٢٠٠٤: ٩ ). بارێکی کۆمەڵایەتی کە ژیان و بەرژەوەندیەکانی زۆر لە خەڵك دەخاتە مەترسیەوە ،بە جۆرێك کە ناتوانن ڕووبەڕووی ببنەوە،پشت بە توانا تاکە کەسیەکانی دەوروبەریدەبەستێت .

خراپی هەڵسوکەوتی نەوجەوانان بەهۆی شکستی هیناوە لە ڕووی بێبەش بوونی لە سۆزو خۆشەویستی دایك و باوکیەوە. کەواتەبابەتی گرفتی کۆمەڵایەتییەکان بابەتێکی ئاڵۆزە، ئەمەش لەبەرئەوەی ڕێکەوتنێك لەنێوان زانایانی بواری کۆمەڵایەتی وەك زانستی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی و دەروونناسی و هتد لەسەر بۆچونێکی دیاریکراو سەبارەت بە پێناسەی گرفتی کۆمەڵایەتی نیە (د.عزالدین، ٢٠١٧: ٧٦). لەپاڵئەوەشدا بابەتێکی فراوانە، بەڵکولەوەتێپەڕدەکات،وەك ئەوەی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان جۆراوجۆرن .یەکێکە لەو بابەتانەی کە بە مرۆڤ و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان، ئەندازەی تێکەڵاو بوونی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگەکەی، گونجانی تاك لەگەڵ بەهاو فۆرم و ڕۆڵەکانی سەبارەت بەو ئەرکانەی کە پێی سپێردراون پەیوەستە.لەگەڵ زۆری ئەو پێناسانەی کە بۆ گرفتەکۆمەڵایەتی کراوە، ئەوا هەموویان لە خاڵێکدا یەکتر دەگرنەوە ئەویش نەگونجانی شێوەیەك لە شێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، یان لێکترازان و شیبوونەوەی خێزان وکۆمەڵگەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی، کاریگەری لەسەر تاك، گرووپ و کۆمەڵگە دەبێت ( www.bcyh,2018:3469 ).

ئەگەرهاوڕابین لەسەرئەوەی کەگرفتە کۆمەڵایەتیەکانی نەوجەوانان پێویست دەکات کە هەستکردنێکی کۆمەڵیانە بەبوونی ئەو گرفتە هەبێت، بەڵام ئەو گرفتە یان هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هەر هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی کە سەرنجی کۆمەڵێك بۆلای خۆی ڕابکێشێت ،گرفتی کۆمەڵایەتی ئەو ڕەوشە واقیعی یان خەیاڵاوییەیە

که خەڵکێکی زۆر پێیان وایە هەڕەشە لە ژیانی کۆمەڵایەتییان دەکات، کە ناتوانرێت بە پێوەرە نەریتییە باوەکان چارەسەر بکرێت، بەڵکو دەبێت لەڕێگەی کردەی کۆمەڵایەتییەوە بێت. چونکە ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا بە گرفت دادەنرێت ڕەنگە لە یەکێکی تردا وانەبێت یان دیاردەیەکە کۆمەڵگە وای دەبینێت کە پێویستی بە چارەسەرکردنە، ئەوەی بە هۆکاری ئەوەی کە کاریگەری نێگەتیڤی بەگشتی لەسەرتاکەکان یان کۆمەڵگەهەیە.گرفتی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە لایەنەکانی کۆمەڵگە،کە خەڵکی لە بەرامبەریدا پەرۆشن بەجۆرێك حەزبەگۆڕینی دەکەن هەروەها پێویستە ئەوەش لە یادنەکەینکە تێگەیشتن لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ، زۆر جار وادەکات. لە کێشەکۆمەڵایەتییەکانی تر تێبگەین، کەواتەپەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان زۆربەی گرفتەکۆمەڵایەتییەکانداهەیە،هەربۆیەپێویستە بەشێوەیەکی گشتی تەماشایان بکەین. توێژینەوە لەسەر گشت گرفتێك بکرێت،بۆئەوەی بتوانرێت تێگەیشتنێك سەبارەت بە کێشەکانی تر دەستەبەر ببێت.

توێژەر بۆ ئەم چەمکە بەم شێوەیە پێناسەی دەکات:لەم باسەدا و لە پێناسەی خۆماندا مەبەستمان لە کێشەی کۆمەڵایەتی، ئەو بارە نائاساییەیە کە نەوجەوانان دووچاری بوونەوتەوە لە نێو خانەکانی نەوجەوانانـدا هەیە، بەجۆرێك لەگەڵ ڕەوتی ئاسایی و ویستراو لەلایەن کۆمەڵگادا ناگونجێ، ئەم بارودۆخەش هەموو نەوجەوانانی خانەکانی گرتۆتەوە و بۆتە دیاردەیەکی زەق و بەرچاو لەناو کۆمەڵگای کوردیدا.نەوجەوانان بەشێوەیەکی گشتی زیندەوەرێکی سادەنین بەڵکوکەسێکی ئاڵۆزن،چونکە سیفاتەکانی بۆماوەییان لەباوانەوەوەرگرتووە هەر چەندە دڵێکی بچوکیان هەیە، بەڵام زۆرجار توشی شەڕ دەبن ئەمەش بەهۆی جۆراوجۆری وەرگرتنی پەروەردەوە ئەمەش والە و نەوجەوانە دەکات کە زۆرجارلە کەسایەتیەکی سروشتی یەوە دەردەچێت هەربۆیە پێویستە درك بەوە بکرێت کە ئەم خانانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە هاندانی نەوجەوانان بۆ ڕەفتاری چاك و شیاو وە یارمەتیان دەدەن لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو واقعەی کە تیایدا دەژین وە گونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخی تازەدا.

**سێیەم /نەوجەوانان:** بەرزترین و گرنکترین بەرهەمی سروشتە کە یەزدان بە مرۆڤی بەخشیوە بۆ بەردەوامی لە ژیان، نەوجەوان واتە هەر مرۆڤێك کە تەمەنی هەژدە ساڵی تێنەپەڕاندبێت بە مەرجێك پێش ئەوەی نەگەیشتبێتە تەمەنی باڵق بوون بە پێی ئەویاساییەی کە بەسەریداجێ بەجێ دەبێت(محمد،٢٠٠٠: ٥٧).کەواتەبوونیادنەری دواڕۆژی وڵاتن مێژو دەخولقێنێت،دایك وباوکی ئایندەن پێویستیان بەپایەخ پێدانێکی مەزن و پەروەردەیەکی دروستە. ئەو قۆناغەیە کە منداڵ ناتوانێت وێنەی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت،لەم ڕێگەیەوە بۆچونێکی تایبەتی لە بارەی خۆیەوەبۆدروست دەبێت(ریخراوی نەنەوەیەگرتوەکان،٢٠٠٠: ٧).ئەو تاکەیەلە قۆناغەکانی تەمەنیداپشت بەکەسانی تر دەبەستێت،بە تایبەتی بەرپرسانی لە ناو خێزان وەك دایك و باوك ،هەتا دەگاتە قۆناغی پشت بەستن بە خۆی لە ڕووی دەروونی و تواناکانی و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە(جەلال ،٢٠٠٥: ١٢٣ ).ووشەی نەوجەوانان بە مانای بچوك دێت و گەورە نەبووە و نەگەشتۆتە تەمەنی پێگەشتن واتا لە کاتی لە دایك بونیەوە دەست پێدەکات تا تەمەنی پێگەشتنی کۆمەڵایەتی و دەروونی. بە پێی دەستوری عیراقی پێناسەی نەوجەوانان دەکات بەوەی :ئەو کەسانەن کە تەمەنیان لە نۆساڵی دەست پێ دەکات بۆهەژدەساڵ بەمەرجێك هەژدەساڵیان تەواو نەکردبێت،بە پێی مادەی (٣) ژمارە (٧٦) یاسای چاودێری نەوجەوانان ساڵی (١٩٨٣ )دەیکات بە دوو بەشەوە : بۆ کور لە نۆ ساڵ دەست پێ دەکات تاهەژدەساڵ بەڵام بۆ کچ: لەپانزە ساڵ دەست پێ دەکات بۆهەژدە ساڵ (قانون الرعایە الاحداث ،١٩٨٣ :٥).

کەواتەدەتوانین پێناسەیەکی تیۆری بۆنەوجەوان بکەین :مەبەست لەونەوجەوانانە کەتەمەنیان لە نێوان نۆ بۆ هەژدە ساڵە بەهۆی خراپی باری تەندروستی وکۆمەڵایەتی ئابوری خێزانە کەیەوەیاخودبەهۆی مردنی دایك یان باوك

یان هەردووکیانەوەکە ناتوانێت پێداویستی یەسەرەکیەکانی بۆدابین بکرێت وسەرپەرشتی بکرێن دەبرێنەنێودام دەزگا کۆمەڵایەتیە حکومیەکان ئەرکی سەرپەرشتیکردنیان دەگرنەخۆ وپێداویستیەکانیان بۆدابین دەکەن چاودێری دەکرێن و سەرپەرشتی دەکرێن و ژیان دەگوزەرێنن.

**چوارەم/ خانەکانی نەوجەوانان:** دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی وپەروەردەی یەیە کە خەڵکی تایبەت بۆ پێویستی تایبەت تیایدا دەژی وە کەئەرکی بەرپرسیاریەتی وچاودێری کۆمەڵایەتی نەوجەوانان دەخاتە ئەستۆ لە خانەیەکی چاکسازی هەڵدەستێ بەگۆڕینی رەفتاری نەوجەوانان ویارمەتی دانیان بۆتەواوکردنی خوێندنیان وەیارمەتی دانیان بۆپڕکردنەوەی پێداویستی یەکانی تری ژیانیان وەسەرپەرشتی کردنیان لەکاتی مامەڵەکردن ورەفتارکردنیاندا (www.alnoor.info\Directory\dirSub.2018:340)هاوکاری نەوجەوانان دەکات بۆدروست کردنی کەسایەتی یەکی گونجاو بۆ نەوجەوانان وەبارو دۆخێکی گونجاویان بۆ بخولقێنن لەرووی کۆمەڵایەتی و دەروونی وئابوری و تەندروستی یەوە وەرۆڵێکی گرنگیان هەیە لە رێکخستنی رەفتار وهەڵسو کەوتی کچان و کوڕانی ناو خانەدا شوێنگەیە کە خاوەن ئامانج وئەرکێکی دیاری کراو هەیە چەند کەسانێك بەرێوەی دەبەن بەپێی پلەی پسپۆریان کارەکانیان دابەش کراوە(اسما مراد، ١١).

کەواتەدەتوانین پێناسەیەکی تیۆری بۆ خانەکانی نەوجەوان بکەین کە یەکێکە لە دامەزراوەکانی دەوڵەت کەسەر بەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی یە ، ئامانجی پەروەردە کردن و فێر کردن ودابین کردنی پێویستی یەکانیانە لە خواردن وخواردنەوە وحەوانەوەو جل و بەرگ و....هتر وەپێدانی سۆزو خۆشەویستی و مافەکانیان بۆ نەوجەوانان کەئەمەش بەقۆناغی هەرزەکاری دادەنرێت نەگەشتونەتە تەمەنی پێگەشتنیان و لەم خانەدا ژیان بەسەر دەبەنبەمەبەستی خولقاندنی ژینگەیەکی لەبار کەخۆیان بگونجێنن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریاندا وبە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و بەدەست هێنانی تواناکانیان و دورکەوتنەوەیان لەلادان ورەفتاری نەشیاو.

**باسی سێیەم| گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی نەوجەوانان:**

هەموو نەوجەوانێك هەوڵ دەدات تاوەکو هەست بەبوونی خۆی بکات لەناوخێزان وکۆمەڵگادا.ئەم حەزکردنی لەسەربەخۆبوون لەگەڵ ئەوەدا کەیەکێکە لەگرفتەکانی ئەو تەمەنە هۆکارێکە بۆدروست بوونی گرفتی تر لەوانە ململانێ ی هەرزەکار لەگەڵ باوان لەلایەکی ترەوە لەناوەوەی خۆیدا چونکە لەگەڵ ئەوەیکەزۆر حەزبەئازادی وسەربەخۆیی دەکات وبگرە تامەزرۆیەتی لەهەمان کاتدا ناتوانێت لەخێزان جیاببێتەوە، چونکە ناتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت لەرووبەڕووبونەوەی ژیان لەلایەك ولەلایەکی تریشەوە باوان ڕێگا بەهەرزەکار نادەن لێیان جیاببێتەوە، لەترسی حوکمی کۆمەڵگا و لەدەست چوونی وگرانی ئەم سەربەخۆبوونە بەڵام چەند هۆکارێك هەن کەیارمەتی دەرن بۆئاسان کردنی کۆمەڵێك هاورێ وهاوتەمەن وخزمان کەتاچەند ئەم سەربەخۆبوونە پەسەند دەکەن،هەروەها کەسێتی هەرزەکارو رادەی متمانەی بەهێزوتواناکانی وپەیوەندی هەرزەکاربەباوانیش هۆکارێکی یارمەتیدەری ترە.لە گرنگترین گیروگرفتەکانی نەوجەوانان (د.کریم،٢٠١٠: ١١٦).

**دڵەڕاوکێ -:** لە قۆناغی نەوجەوانی دا دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی سەر و دڵی هەندێك لە نەوجەوانان دەگرێت، بەبێ ئەوەی خۆشی بە تەواوی سەرچاوە و هۆکارەکانی ئەو دڵەڕاوکێ و ڕاڕاییەی بزانێ، لەبەرئەوەی سەرچاوەی زۆربەیان بۆ قۆناغی منداڵی و کێشە و گیرو گرفتەکانی ئەو کاتە دەگەڕێتەوەبۆ (بێبەش بوون لە سۆز و خۆشەویستی دایك و باوك و کەسانی نزیك، پەیوەندیی خراپی نێوان دایك و باوك و منداڵ، کپکردن و خەفەکردنی زۆر لە حەز و

ئارەزووەکان...هتد) (دکارتۆ،٢٠٠٥: ١٨٩ ). هەر لەبەر ئەوەشە ناتوانن کێشە و گیرو گرفتەکانی خۆیان دەست نیشان و چارەسەر بکەن، چونکە ڕەگ و ڕیشەی کێشە و شڵەژانەکانیان لەبواری نەستیاندایە.زۆربەشمان دەزانین جیاوازی سەرەکی نێوان ترس و دڵەڕاوکێ ئەوەیە، کە سەرچاوە و هۆکارەکانی زۆربەی ترسەکان دیار و ئاشکران و لە بواری هەستیدان . بەڵام زۆربەی هەرە زۆری هۆکار و سەرچاوەی دڵەڕاوکێکان نادیارن و لەبواری نەستیدان.لەبەرئەوە زۆر گرنگە ڕێنمایی و ئامۆژگاری نەوجەوانان بکرێت بۆئەوەی سەردانی بنکە و کەسانی تایبەت بە نەخۆشی و کێشە دەروونییەکان بکەن و لە نزیکەوە لە ئەنجامی چەند دانیشتن و چاوپێکەوتنێکەوە چارەسەری گونجاو بۆ دڵەڕاوکێ و کێشەکانی تریان بدۆزرێتەوە. واتە تا زوو چارەسەر بکرێت باشترە، بەڵام دواخستن و پشت گوێ خستنی ئەو جۆرە هەرزەکارانە، دەرئەنجامی باشی نابێت و کێشە و دڵەڕاوکێکان ئاڵۆزتر دەبن(د.کریم،٢٠١٠: ١٣٧).

**خەمۆکی و بێزاری -:** یەکێکی تر لەو شڵەژان و کێشە دەروونییانەی لە قۆناغی هەرزەکاری ڕووبەڕووی هەرزەکار دەبنەوە خەمۆکی یە، هەرچەندە خەمۆکی سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری هێشتا لە سنووری ئاسایی خۆیاندان و نەبوون بە نەخۆشی دەروونی، بەڵام پشت گوێ خستن و چارەسەرنەکردنی خەمۆکی ئەو جۆرە هەرزەکارانە دەبێتە هۆی تەشەنەکردن و سەرهەڵدانی کۆمەڵێك کێشە و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی(د.کریم،٢٠٠٩: ١٠٧ ) .کارێکی ئاساییە هەرزەکار لەسەرەتای هەرزەکاری لە ئەنجامی مامەڵەی هەڵەی دایك و باوك و گۆڕانکارییە خێرا و کت و پڕەکانی سەردەمی هەرزەکاری و فشاری کۆمەڵ و داو و دەزگاکان بۆ سەری، تووشی خەمۆکی و دڵتەنگی ببێت، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە بەردەوام بوونی ئەو بارە دەروونیەیە بۆ دوای قۆناغی هەرزەکاری و کامڵی، ئەمەش مانای ئەوەیە کێشە و گیروگرفت و ململانێکانی هەرزەکار زۆر ئاڵۆز و هەمەلایەنەیە و ڕەگ و ڕیشەی بۆ سەردەمی پێش قۆناغی هەرزەکاری دەگەڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەش کێشە و گۆڕانکارییەکانی قۆناغی هەرزەکاری هاتۆتە سەر.ئالەم حاڵەتانەدا دەبێت کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەبواری دەروونی هاوبەشی و هاوکاری خێزانی ئەو جۆرە هەرزەکارانە بکەن و هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشی و کێشە دەروونیانەیان بدەن. لەبەرئەوەی کێشەکەی ئاڵۆز بووە و پێویستی بە هاوکاری زۆر لایەن هەیە.(TonyK, 2003: 225)

**زێدەخەون -:** زێدەخەون بریتیە لە هیوا و ئاوات و بیری خۆش و بەتام کە مرۆڤ زۆرجار پەنای بۆ دەبات، ئەم جۆرە خەو و خەیاڵ و بیرە خۆشانە بەڕێژەیەکی گونجاو پێویست و بەسوودن، بەڵام ئەگەر لەڕێژەی ئاسایی خۆی دەرچوون و مرۆڤ بەبەردەوامی و بۆ ماوەیەکی زۆر پەنای بۆ بردن، ئەوکاتە زیان بەخش دەبن و تاك لە ژیانی واقعی دوور دەخەنەوە و شوێنەواری خراپیان لەسەر باری دەروونی دەبێت(د.کریم،٢٠١٠: ٨٩).زیندەخەون لە هەموو قۆناغەکانی ژیان هەیە، بەڵام زیاتر لە قۆناغی نەوجەوانانـدا، لەڕێگەیەوە نوقمی ناو خەو و خەیاڵ و حەز و ئارەزووەکانیان دەبن و خۆیان بە پاڵەوان و ناودار و کەسانی خاوەن پلە و پایەی بەرز دادەنێن و لەڕێگەی خۆخستنە شوێنی ئەوانەوە لاسایی کەسێتی و ڕەفتاریان دەکەنەوە و ماوەیەکی کەم یان زۆر ئاگایان لە چواردەوریان نامێنێ و لەناو خەو و خەیاڵدا دەژین، زۆرجاریش تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و ئەتاری کتێب و بڵاوکراوەی وێنەدار ئەو زیندە خەو و خەیاڵانەیان لەلا زیاتر دەکەن.وەك دەرکەتووە لەسەرەتای باڵق بوون و قۆناغی هەرزەکاری بەزۆری منداڵ و هەرنەوجەوان پەنا بۆ زیندەخەون دەبەن و ماوەیەکی زۆرتر لە واقیع دووردەکەونەوە و ئاگایان لە چواردەوریان نابێت. هەر چ کاتێك نەوجەوان بەتایبەتی و کەسانی تر بەگشتی بەزۆری پەنایان بۆ زیندەخەون برد و لە واقیع دابڕان، ئەوە بەڵگەیە و مانای ئەوەیە کە ئەو کەسە گرفتی هەیە و ناتوانێت لە واقیعدا چارەسەریان بکات، بۆیە بەناچاری پەنا بۆ زیندەخەون و خەیاڵ و بیری خۆش دەبات.

**شـەرم وتـرس -:** بەشـێوەیەگی گشـتی زینـدەخەون لەلای نەوجەوان شـەرمن زۆرە و بەردەوام پەنـای بـۆ دەبەن، لەبەرئەوەی ئەو جـۆرە نەوجەوانـانە لە ئەنجـامی شـەرمەوەلەناوکۆمەڵا قەرەباڵغیـدا هەسـت بە دڵەڕاوکـێ و تـرس و ناخۆشی دەکەن و ناتوانن خۆیان لەگەڵیان بسازێنن بەتایبەتی نەوجەوانـانی نێـو خانەکـانی نەوجەوانـان بەهـۆی ئەو دۆخەی کە تێیدایە، لەبەرئەوە خەیاڵا و زیندەخەون بە هەل دەزانن و وەك دەروازە و ڕێگا چارەیەك پەنایان بـۆ دەبەن و لەو تـرس و دڵەڕاوکێـیەی نـاو کـۆمەڵا و قەرەبـاڵغی ڕزگاریـان دەکەن و لەنـاو خەیـاڵا و زیدەخەونەکانـدا هەسـت بە خۆشی و کامەرانی دەکەن و کاتێکی خۆش لەگەڵیان بەسەر دەبەن و بە ئاسانی کەسانی چواردەوریان لە سەر و سـیما و دەم و چاویاندا خۆشی و دڵنیایی هەست پێدەکەن بـۆیە ئیتـر وورده وورده ژیـان لەنـاو خەو و خەیاڵـدا بەرەو زیـاد بوون دەچێت(حەسەنی،٢٠١١: ١٦٧ ). نەوجەوانان لەم قۆناغەداگرفتێکی کـۆمەڵایەتی یـان ململانێـی کردنیـانە ئیتـر چ ناوەکی بێت واتە ململانێی خـۆی لەگەڵ خۆیـدا دروسـت دەبێـت، یـان ململانێـی دەرەکـی بەتـایبەت ململانێـی لەگەڵ خێزانە کەیەتی. ئەو ململانێیە کەلەنێوان نەوحەوان و باوك ودایکیدا دروست دەبێـت کۆمەڵێـك هۆکـاری هەیە لەوانە تێنەگەیشـــتنی نەوجەوان لەبـــاوك ودایـــك یـــان مردنـــی دایـــك و بـــاوکی و گـــوزەرکردنی لەنێـــو خانەکـــانی بێسەرپەرشـتدا،چونکە بـاوك ودایـك لەوەدەترسـن کە کەمنـداڵکانیان نمـوونەی بیروبـاوەڕە بـڵاوە ئەخلاقییەکـانی کۆمەڵگـا هەڵ نەگـرن ، بەرامـبەر ئەمەش دا نەوجەوانـان هەوڵ دەدەن کە لەچـۆنیەتی یەکخسـتنی وپەسـەندکردنی لەلایەن خێـزانەوە لەسـەر بنەمـای تێگەیشـتن وریـز گرتنـی (یوسـف،٢٠٠٤: ٢٣١) . بـارودۆخی گشـتی نەوجەوانـان کە لەکاتێکدا لەدایك دەبن یاخود پێش ئەوەی لەدایـك بـن زۆرێـك لە تـوێژینەوە دەرونـی و کـۆمەڵایەتی یەکـان ئەوەیـان سەلماندووە کە بارودۆخی دایك لەڕووی دەروونی یەوە لەکاتی سك پڕیدا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر منداڵ.

**کێشەی خێزانـی:** زۆربەی کێشـەدەروونییەکان وکۆمەڵایەتیەکـان لەئاکـامی خێزانێکـی نەخـۆش وکـۆمەڵگەیەکی نەخـۆش ونادروسـت دروسـتدەبێت،ئەوبارودۆخی کـۆمەڵگەیە کەوادەکـات دەسـەڵاتێکی نەخـۆش بەرهەمبهێنێـت کەنەتوانێت ماناوجوانی و خەیاڵەکانی نەوجەوانان و منداڵ بدرەوشێنەوە هەموو ئەمانەش دواتر دەبنەوە بەکێشـەی خێزانیـی، چـونکە جیهـانی نەوجەوان و منـداڵ ئەو دنیـا فـراوان و ژینـگە رازاوەیەی ژیـانە کەپێویسـتیان پێیەتـی، چـــونکەئەوان مرۆڤێکـــی پـــاك و بەســـۆزن و پێویســـتە مافەکانیـــان پارێزراوبێـــت،هەروەکو لەجاڕنـــامەو مـــافە نێودەوڵەتییەکانـــدا هـــاتووە کەئەرکـــی خەرجـــی وبەخێوکردنیـــان لەئەســـتۆی خێـــزان وحکومەتەکەیـــدایە (www.acofps.comshowthread,2018:2334).لەگەڵ ئەوەشـــدا خێـــزان بنەمـــای یەکەمـــی پێگەیانـــدنی تـــاکی تەندروستە، هەربۆیە دەبینین زۆربەی زانستە مرۆڤایەتییەکان و بەتایبەت زاناکـانی بـواری کۆمەڵناسـی گرنگییانـداوە بەخێزان ,بەڵام خێزان هەر بەئاگادارکردنەوەی ژیان و بەردەوامی بوونییەوە دەمێنێتەوە، پێویستە لەسـەری لەپێنـاو ئەمەداتێبکۆشـێت، ئەمەش نـــایەتەدی تەنهـــا بەمومارەســـەکردنی ئەرکە بونیـــادییە کـــانییەوە نەبێـــت ئەویـــش بەجێبەجێکردنی پێویستییە شـوێنی و ڕۆڵییەکـانی هەمـوو تاکێـك، کەئەگەر ئەمەش بەرجەسـتە نەبـوو ئەوا کێشـەی خێزانی و پەروەردەی خێزانیی گەورە دەبێت.

**کێشەی گونجان:** پەیوە ندییە کۆمەڵایەتییەی وەك خـۆی نـامێنێتەوە لەنێـوان تاکەکانـدا دەبێـت بەڵکـو دەگۆڕێـت چوونکە تاکەکان لە گۆڕانی بەردەوامدان ، لە ڕووی کەسێتی و ڕەفتارو هەڵسوکەوت و بیرو بۆچـوون و تێڕوانینیـان و حەز و ئارەزوو کێشە و گرفتەکانیان لە گۆڕاندان هەروەها گۆڕان لە شوێن و پێگەو ڕۆڵیان لە کۆمەڵگاداهەیە ئەمانەش هەموو وەك زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراو کە هەموو ژیانی تاك دەگرێتەوەهەر لە سەرەتای لەدایك بوونییەوە هەتـا مردنی، ئەم گۆڕانکارییە کاردەکاتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو تاکە بەکەسانی چواردەورییەوەو پرۆسەی

خۆگونجاندنی لەگەڵ چواردەورو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان(یوسف،٢٠٠٤: ٢٢٣)..پرۆسەی خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی دەبێت بەیەکێك لەو کێشانە کە نەوجەوان لەم قۆناغەدا پێوەی دەناڵێنێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پەیوەندییە ناوەکییەکانی خێزان لەنێوان باوك و دایك باوك و دایك بەمنداڵەکانیان، لەلایەکی تر پەیوەندییە دەرەکییەکانی خێزان بەجیهانی دەرەکی لەخزم و کەسوکارو هاوڕێ و هاوسێکان ئەمانە کاریگەرییەکی زۆر دەکەنە سەر نەوجەوان بەتایبەت پەیوەندی و خۆگونجاندنی و کێشەو گیروگرفتی بۆ دروستدەکەن هەروەها کاریگەری خێزان لەسەر نەوجەوان لەڕووی پەیوەندی و خۆگونجاندنەکانی تەنها بەهۆی پەیوەندییەکانی ناو خێزان نییە بەتایبەت نێوان نەوجەوان و باوك و دایك، بەڵکو چەند هۆکارێکی تریش هەن کەکاریگەرن، لەوانە: جیاوازی تەمەن لەنێوان باوك و دایك و چۆنیەتی بەهاوسەربوونیان یا جیابونەوەو لێك هەڵوەشانەوەی خێزانەکەیان یان مردنی یەکێکیان دایك یان باوك یاخود بردنی نەوجەوانان بۆ خانەکان یان بنکەی چاودیری کردنی نەوجەوانان کەکاریگەریەکی زۆری هەیە لەسە گونجاندنی وسەرکەوتنی لەدروست کردنی پەیوەندی یەکان لەگەڵ خودی خۆی و دەوروبەری کەتێیدا دەژی دروست دەبێت یاخود بەپێچەوانەوە(نوری،٢٠٠٧ :١٧٦) . شێوازی پەروەردەکردن و بەخێوکردنی منداڵەکان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیان و ئاراستەکردن و ئامۆژگاریکردنیان و چۆنیەتی تێرکردنی پێداویستییەکانیان و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان و مامەڵەکردن لەگەڵیان بەگوێرەی ئەو قۆناغی تەمەنی کەتیایدان، نەك تەنها یەك شێواز بەگوێرەی هەموو قۆناغەکان، ئەمانە هەمووی کاریگەرن لەسەر رەفتارو کەسێتی کەنەوجەوان تیایدا دەژی خۆی چونکە مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی هەست بەئارامی و ئاسایش دەکات لەناو خێزانەکەی دا.

**هەست نەکردن بە پێویستی نەوجەوان:** ئەم هەست نەکردنەش بەپێویستی نەوجەوان لە دووبەش پێك دێت پێویستیە سەرەکیەکان ئەم پێویسیانە بریتین لە برسێتی ، تونێتی ، شوێنی حەوانەوە ، وجموجۆڵ پێویست بوون بەگەرمی ،پێویست بوون بەتەندرووستی ، پێویست بوون بە بەرنامە و چالاکی جۆربە جۆر کە لە گەڵ توانای جەستە ی و عەقڵی و ژیریاندا بگونجێت و سەرەڕای ئەوەی کە لەم تەمەنەدا چەندین تایبەتمەندی جۆراو جۆری هەیە کە پێویستە ڕەچاوی بکرێت و گرنگی پێبدرێت.یەکێکی ترلە کێشەکانی نەوجەوانان لەو قۆناغەدا بریتییە لەگەڕان بەدوای ناسنامەدا گەڕان بەدوای خودو و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کەلەمێشکی نەوجەواندا دروست دەبێت لەبارەی ئەوەی کە کێیە ؟ وداهاتوو چۆن دەبێت ؟ چ کەسێك لەگەڵیدا دەگونجێت؟ (حەسەنی،٢٠١٦: ٥٢). پێویستە لەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتی بەتایبەتی خێزان کەڕۆڵ وپێگەی کۆمەڵایەتی نەوجەوان و رەفتاری ڕۆڵی بۆدیاری بکەن لەڕووی ڕەگەزو تەمەن وبەپێی ئەوە لێپرسراوێتی وئەرك وفەرمانەکانی بدرێتێ تاوەکو بتوانێت هەست بەخودی خۆی بکات وناسنامەی خۆی دیاری بکات واتە رەفتارێك وکەسێتییەکی جێگیر بۆخۆی دابنێت ورۆڵ وپێگەی لەناو کۆمەڵدا بناسێ تایبەتمەندییەکانی رۆڵ وپێداویستییەکانی وئەرك وفەرمانەکانی بزانێت تاوەکو هەست بەگەڕانەوە بکات بۆئەو کۆمەڵەو پێش هەموو شتێك پێویستە هەرزەکار خۆی بناسێ وهێزو تواناو پاڵنەرەکان وحەزو ئارەزوو وبیروبۆچونەکانی بزانێت تاوەکو بتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت خودی خۆی بسەلمێنێ وبەگوێرەی ئەوە کەسێتییەکی گونجاو لەنموونە باڵاکان بۆخۆی مسۆگەر بکات (محمد،٢٠١٤: ١٨٩)، ئەمەش هەموو لایەنەکانی ژیان داگیردەکات و بێجگە لەو گرفتانەی پێشتر ئاماژەی پێکرا، چەندین گیروگرفتی تریش بۆ دروستدەکات لەچەندین لایەنی جیاواز، لەوانە:

1 -گرفتی خوێندن: نەبوونی تواناکانی سەرنجدان، نەبوونی ئامۆژگاری لەبارەی گرتنەبەری ڕێگەی راست بۆ بەهێزکردنی توانا ئەقڵییەکان، ترس لەدەرنەچوون، نەبوونی توانا بۆ جێبەجێکردنی چالاکییە هونەری و وەرزشییەکان

و زانستییەکان، تێنەگەیشتن لەدەستەی کارگێڕی و مامۆستا لەخوێندنگە، ڕاکردن لەخوێندنگە، ترسان لەتاقیکردنەوە، نەزانینی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڕێکانی لەپۆلدا جگەلەوەی زۆرجاربارودۆخی کۆمەڵگە هەرزەکار بەرەولادان دەبات (٢٠١٧.(5 :www.slideshare.net/guestb31f2 ) گرفتی پەروەردە: نەبوونی ئامۆژگاری و ئاراستەکردن بۆ ڕەفتارو هەڵسوکەوتی پەسەند لەڕووی کۆمەڵگەو دابونەریتەکانی و نا هاوسەنگی لەنێوان باشەو خراپەو هەق و ناهەق و تێنەگەیشتن لەژیان و نەبوونی رۆحی لێخۆشبوون(نوری،٢٠٠٧: ١٩٦).

٢-گرفتەکانی تایبەت بەکەسێتی: هەستکردن بەکەمی و نەتوانینی گرتنە ئەستۆی لێپرسراوێتی،نەبوونی متمانە بەخود، هەستکردن بەنەخۆشی و ناپەسەندێتی لەلایەن چواردەور،دڵەڕاوکێ، هەڵچوون بەبچووکترین هۆکار، خەوبینین بەئاگا، زۆر لەسەر شت ڕۆیشتن،گفتزگۆی دوورو درێژ بێ هۆکار، رەخنەگرتنی بەردەوام، ترسی بەردەوام لەکەوتنە هەڵەوە ترس لەچاوپێکەوتن و ترس لەنەبوونی وەڵام لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەر،دەتوانین کۆنترۆڵکردنی لایەنی دەروونی ورەفتارو هەڵچوونەکان (نازەنین،٢٠١٣: ١٧٨).

٣-کێشەی سۆزداری : کێشە سۆزداریەکان یەکێکە لەو کێشانەی کە نەوجەوان ماوەیەکی زۆر لەتەمەنی پێوەی دەناڵێنێت وە ئەم کێشەیەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی لەهەندێك حاڵەتداتوشی گۆشەگیری وتەنهایی ونامۆیی بکات وە هەندێك جار دەکەوێتەبەر تانەو تەشەری کۆمەڵگا و دەوروبەری.پەیوەندی نەوجەوان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا یەکێکە لەوبابەتانەی کە دەبێت لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت ، خۆشەویستی یەکێکە لە پێویستیە بنەڕەتیەکان بۆ سەلماندنی خودو جێگیر و هەڵچوونی و خۆشبەختی و خۆشەویستی کە بریتیە لەگەڕان دەربارەی سۆزو پەسەند کردن یان یەکگرتن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر .

**باسی چوارەم/ کارو چالاکیەکانی خانەکانی نەوجەوانان.**

١. **بەرنامەی کۆمەڵایەتی** : توێژەری کۆمەڵایەتی لەناو خانەدا هەڵدەستن بە ڕێکخستن و دراسەکردنی حاڵەتی هەموو منداڵەکان ئەمەش لەڕێگای سەرپەرشتی کردنیان و تینیەکی زانستیانە و بابەتیانە بۆ هەموو حاڵەتێکی منداڵەکان وە لەڕێ ی ئەمانەشەوە هەموو مەیل و ئارەزووەکانیان و عادات و سلوکیان دەزانرێت، چونکە توێژەرەکان هەڵدەستن بە نوسینی هەموو ئەو شتانە لەناو ڕاپۆرتدا کە تایبەتە بە هەر منداڵێك کە چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵەکاندا یان لەگەڵ کەسوکاری منداڵەکەدا دەیکەن بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی تایبەت بە منداڵەکە دەنوسن و لەناو خانەی نەوجەواناندا هەڵی دەگرن.

٢. **بەرنامەی ڕۆشنبیری:** لە خانەی نەوجەواناندا بەرنامە ڕۆشنبیریەکانیان ڕێکدەخرێت بۆ منداڵەکان ئەوانەی لەناو خانەدان ئەمەش لە ڕێگای توێژەر و مامۆستا و ئەوانەی لەناو خانەدان هەروەك و کتێب و گۆڤارەکان، چیرۆك بۆ منداڵان کە ئەمانە هەموو لەناو کتێبخانەی نەوجەواناندا دەبینرێت وە چیرۆکەکان بەشێوەی ئامۆژگاری و ڕێنمای دەبێت بۆ منداڵەکان بۆئەوەی سودی لێ وەربگرن لە گەشەپێدانی توان فکری و عەقڵیەکانیان، بەرنامە ڕۆشنبیریەکان هۆکارێکی گرنگن کە یارمەتی تاك دەدەن بۆ زانینی دیاردە و کێشە و ئەو واقعەشی کە تیایدا دەژین.ڕۆشنبیری تاك بە ژینگەوە دەبەستێتەوە وە وای لێ دەکات تاك قوڵ بێتەوە تێیدا ووردبین بێت و تەقدیری هەموو بارودۆخێك بکات لەکاتی بوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکانیاندا وە هەروەها یارمەتی تاك دەدات لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

٣. **بەرنامەی تەندروستیەکانی ناوخانە :** خانەی نەوجەوانان سەرپەرشتی تەندروستیشیان تێدایە بۆ ئەوانەی لەناو خانەدان وە هەڵدەستێت بە فەراهەم کردنی هەموو پێویستی یە تەندروستی یەکان و پاراستن و

چارەسـەرکردنیان  ورێنمـای کردنیـان. کارمەنـدی تەندروسـتی لەنـاو خـانەدا هەڵدەسـتێ بە سەرپەرشـتی کردنـی تەندروستی منداڵەکان و پاك و خاوێن ڕاگرتنیان.کارمەنـدی تەندروسـتی و دایەنەکـان مـراقەبەی منـداڵەکان دەکەن لە کاتێکدا کە هەست بەهەر نەخۆشیەك بکەن کە منداڵەکان توشی بوون وە دەتـوانن لەنـاو خـانەدا چارەسـەری بـکەن بە پێ ی توانایان ئەگەر هاتوو پێویستی بە دکتۆری تایبەت بوو ئەوا دەیبەن بـۆ نزیکتـرین مەرکەز یـان خەسـتەخانە. وە هەروەها چاودێری شەوان دەبێت ئاگادار بێـت لە هەمـوو ڕوودانێـك کە ڕوو دەدات لەنـاو خـانەدا بە تـایبەتی لەکـاتی حاڵەتی نەخۆشدا.

٤. **بەرنـامە هونەرییەکـان :** لەنـاو خـانەدا چـالاکیە هونەریەکـان زۆرن یەکێـك لەوانە فێربـوونی منـداڵەکانە بـۆ وێنەکێشان و ئـیش و کـاری دەسـتی ئاسـان کەلەگەڵتواناکانیـان  گونجـاو بێـت وە هەروەهـا هەنـدێك پێشـەنگایان بـۆ دەکـرێتەوە بـۆ فێربـوونی منـداڵەکان  هـونەری شـانۆ ئەمەش لەڕێ ی شـارەزایانەوە دەبێـت لەو بـوارەدا وە هەروەهـا مامۆسـتای تایبەتیشـیان بـۆ دادەنرێـت بـۆ فێربـوونی مۆسـیقا و گـۆرانی و لەبـۆنەو ئاهەنگەکانـدا بەشـداری دەکەن و گۆرانی دەڵێن و مۆسیقا لێدەدەن.

٥. **بەرنامەی خوشنوودیەکان:** بەڕێوەبەرایەتی بەیارمەتی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەستن بەئامادەکردنی ئەم بەرنامانە کەیـارمەتی نەوجەوانـان دەدات بـۆ دابینکردنـی بـارێکی خـۆش بـۆ نەوجەوانـان و نەهێشـتنی ئەو بـارە ناخۆشانەی کەنەوجەوانان پێوەی دەناڵێنن .بەرنامەی ترفیهی ئەم چالاکیە بە گرنگترین چالاکی دادەنرێـت کە ئەمەش لەلایەن خانەوەکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەناو خانەدا کەش و هەوای ترفیهی بۆ منداڵەکان ئەوانەی گـرفتە دەروونـی و کۆمەڵایەتیەکان هەیە بەهۆی ئەو بارودۆخە ناخۆشەیانەوە ،لە ناو خانەدا هەڵدەستن بە گەشت و گـوزاری جۆربەجـۆر ئەمەش بە هاریکـاری کـردن لەگەڵ بەڕێـوبەرایەتی چـاودێری کـۆمەڵایەتی یـان ڕێکخـراوە خەیریەکـان .بەرنـامە وەرزشیەکانو چالاکی وەرزشـی دەگرێتەوەبۆ نەوجەوانـان لەنـاو خـانەداو وەبەپێـی توانـاو لێهاتویـان وگونجانـدنیان لەگەڵ جۆری وەرزشەوەلەلایەن مامۆستای شارەزاوە رابهێنرێن وفێردەکرێن.

٦. ڕۆڵی چاودێری نەوجەوانان لەڕێگەی ئاگادارکردنەوە یان بەیاسـاکانی چـاودێری  نەوجەوان  ئەمەش جۆرێـك لە هۆشیاری یاسایی دروست دەکات لەوانە وەك ماددەی ( ٢)  لە یاسای چـاودێری  نەوجەوانـان  کە دەڵێـت (دەوڵەت متمانەی  چاودێری کۆمەڵایەتی  دەکات  بۆ هەموو هاوڵاتیە لەمـاوەی ژیانیـدا وە بـۆ خێزانەکانیـان لەدوای مردنیـان) ، ئەم  هۆشیاریەش جۆرێـك لە متمـانە بـوون  یئئنتیمـایی بـوون بـۆ نەوجەوان دروسـت دەکـات بەرامەر بەوڵاتەی کە تیایدایە چاودێری کردنی ئەو منداڵانەی لەتەمەنی( ٥)ساڵی تا دەگـاتە  ( ١٢ ) سـاڵی .مـاددەی  ( ٣٢ ) ڕۆڵـی دەوڵەت بـۆ نەوجەوانان لە ( ١٣ )  ساڵیەوە دەست پێدەکات تا ( ١٨ ) ساڵی  وە دەتوانرێت ساڵێکی تر درێژ بکـرێتەوە ئەگەر هـاتوو ئەو نەوجەوانە کوڕ و کچ لە پۆلی کۆتایی بێ لە پلەی ئامادەییدا )(قانون الرعايه الاحداث،١٩٨٣: ١٢) . کە ئەم یاسـایانە دوبـارە بـووی ئەوڕاسـتیەن کە دەتوانرێـت بەپشـتگیری کردنـی نەوجەوانـان نەوەیەکـی تەندرووسـت و وڵاتێکـی پێشـکەوتوو درووس بکەیـن کە بەنـدە بە ئەنـدازەی  ئەوەنـدەی توانـای دەوڵەت بـۆ ڕزگـار بـوونی نەوجەوانـان لە کێشەکانیان ، خودی  نەوجەوان دو ئەوەندە زیاتر واتای ئەو پێشکەوتنە گەورەی هەیە کە دەوڵەت دەیەوێت .

**دەروازەی دووەم :لایەنی مەیدانی**

**بەشی سێیەم /چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوە**

**یەکەم- میتۆدی توێژینەوە.**

**دووەم –نمونەی توێژینەوە و کۆمەڵگای توێژینەوە.**

**سێیەم –بوارەکانی توێژینەوە.**

**چوارەم – ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوە کە:**

**پێنجەم -ئامڕازو کەرەستەئاماریەکان توێژینەوە .**

**بەشی چوارەم/ خستنەڕووی خشتە کان**

**یەکەم / میتۆدی توێژینەوە :**

**١- میتۆدی روپێوی کۆمەڵایەتی :**

ئەم جۆرە میتۆدە یەکێکە لەمیتۆدە گرنگەکان بۆ شیکردنەوە ی ئەو باردۆخەی کەهەیە لە ناو گروپێك یان شوێنگەیەك کە کار لەسەر ئیستا دەکا و کار لەسەر ڕابردوو ناکات ، لە رێبازە هەرەمەکیە گرنگەکان بەکاردێت بۆ توێژینەوە وەصفیەکان، توێژەر لێرەدا هەستاوە بە بەکارهێنانی رووپێوی کۆمەڵایەتی لەبەر ئەوەی زیاتر رێبازێکی زانستیانە دەگرێتە خۆی بۆ دیاری کردنی دیاردەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی بێت یان نەتەوەیی یان مەیدانی جۆری توێژینەوەکەش توێژینەوەیەکی وەسفیەکە پشت دەبەستێت بەکۆکردنەوەی زانیارییەزانستیەکان.ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاریەکانەبۆ مەبەستی کرداری وداهاتوو (معین،٢٠٠٠ :١٥٢ ) .ڕووپێوی کۆمەڵایەتی پۆلێن دەکرێت بۆدووبەش : ڕووپێوی گشتی : کە توێژینەوەیەکی گشتیە بۆ هەموو یەکەکانی کۆمەڵگا دەکات لە ڕێگای لە چوارچێوەدانی گشتی . ڕوو پێو لە ڕێگەی نموونەوە :ئەمەش لتویزینە وە ی دیاریکردنی ئاستی کەسی کە پەیوەندارە بەسنوری کارو توانا و بۆشاییە کانی توێژەر .کەواتە هەردو جۆری ڕووپێو( گشتی و نموونە ) دەوری کارای هەیە لە چۆنێتی دارشتنی کاری توێژینەوە.

٢-میتۆدی ئاماری : ئەم میتۆدە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا هەروەکو ئاماژەی پێ کراوە بریتیی لە گرنگترین شیکاری دوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان و پوخت کردن و پۆلێن کردنیان هەروەها ئەم میتۆدە دوو رێبازە گەلێك سیفات دەگرێتە خۆی بۆ پوخت کردن و رێکخستنی زانیارییەکان پاشان دەرهێنانی پەیوەندی نێوان خەسڵەتەکانی ئەم زانیاریانە ئینجا شیکاریان دەکاتەوە( معین،٢٠٠٠ :١٥٥ ).

**دووەم / کۆمەڵگای توێژینەوە و نمونەی توێژینەوە :** سەرجەم ئەو نەوجەوانانە دەگرێتەوە کە لەشاری سلێمانی لە خانەی کچان و کوڕان جێگیرن و ژیان دەگوزەرێنن کەتیایدا هەردوو خانەی کچان و کوڕان سەربە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانین ئەوەی گرنگە ئەوەیە دیاری کردنی نموونە کە تیایدا نموونەیەکی هەرەمەکی مەبەستدارەئەم توێژینەوەیە ( ١٦) نەوجەوان لەخانەی کچان و ( ٢٠ ) نەوجەوان لەماڵی کوڕان کە کۆی گشتیان ( ٣٦ ) نەوجەوانە .

**سێیەم / بوارەکانی توێژینەوە :**

١) بواری مرۆیی : بریتیە لەو نەوجەوانانەی کە لەخانەی کچان و ماڵی کوڕانن سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتیە لە شاری سلێمانی .

٢) بواری شوێنی: ئەم بوارە هەردوو دامەزراوەی خانەی کچان و ماڵی کوڕان دەگرێتەوە ، کە سەر بە

بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتیە لە شاری سلێمانی .

٣) بواری کاتی : ماوەی کاتی توێژینەوەکە لەنێوان ١٠-١-٢٠١٧ تاوەکو ١-٨-٢٠١٨ وەك بواری کاتی دیاری دەکرێت بۆ تەواو بوونی توێژینەوەکە لەم ماوەیەدا کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر توێژینەوەکە ئەنجام دراوە .

**چوارەم / ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوە کە:**

**أ- رابرسی:** لەم توێژینەوەیەدا ئێمە سود وەرگر بووین لە فۆرمی ڕابرسیە کەبریتیە لە ڕێگاکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەو کەسانەی کە توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە لە ڕێگای پرسیاری نوسراوە لەسەر فۆرمێك کە توێژەر خۆی دەیانداتێ بەمەبەستی زانینی ڕای گشی و تایبەت . یاخود فۆڕمی زانیاری ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی ئامادەکردنی کۆمەڵێك پرسیارکەتاکەکان وەڵامی دەدەنەوە وەڵامەکان تۆمار دەکەن یاخود توێژەوەڵامەکانی تۆماردەکات بەشێوەیەکی وردودەقیق(احسان،٢٠٠٥: ٩٣).

**ب- چاوپێکەوتن:** بریتیە لە گفتوگۆیەکی ئاڕاستەکراو کەکەسێك پێی هەڵدەستێت لەگەڵ کەسانی تردا بە ئامانجی وەرگرتنی جۆری دیاری کراو لە زانیاری و سود لێوەرگرتن و بەکارهێنانی لەتوێژینەوەی زانستیدا . یاخود بریتیە لە گفتوگۆیەی کە توێژەر یاخود ئەو کەسەی کە بەرپرسە لە چاوپێکەوتن ئەنجامی دەدات بەمەبەستی وەرگرتنی داتای ڕاست و درووست بۆ توێژینەوەکە (احسان،٢٠٠٥: ٩٣)

**پێنجەم– ئامڕازەئاماریەکانی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا کەرەستەی ئاماریەکە بریتییە لە ڕێژەی (سەدی) کە یەکێکە لە کەرەستە ئامارییەکان و بەسوودە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی هەر بەشێك و دیاریکردنی ڕێژەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی راست و دروست و گۆرینی ئەو زانیاریانەی کە دەستمان کەوتووە بۆ ژمارە بە پێی ئەم یاسایە

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{بەشی کەم}}{\text{بەشی زۆر}} * ١٠٠$$

**بەشی چوارەم|خستنەڕووی خشتەکان**

خشتەی (١) جۆری ڕەگەز لە لای نمونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| ڕەگەز | دووبارە بووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٢٠ | %٥٥ |
| مێ | ١٦ | %٤٤ |
| کۆی گشتی | ٣٦ | %٩٩ |

بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوون و تێڕوانینە جیاوازەکانی ڕەگەزی (نێر، مێ)، گۆڕاوی ڕەگەز گرنگی تایبەتی پێدەدرێت لەزۆربەی توێژینەوەکاندا بۆ دەرخستنی خەسڵەتە جیاوازەکانی هەردوو ڕەگەز، لەم توێژینەوەیەشدا ڕەگەز وەك فاکتەرێکی گرنگ وەرگیراوە بۆ زانینی ڕەوشی ژیانی هەردوو ڕەگەزو ئەو جیاوازییانەی کە لەباروذۆخیاندا هەیە.ئەوەی لەخستەی (١) دا ڕوونەدبێتەوە ڕێژە یەی (%٥٥,٥)ی نموونەی توێژینەوەکە لەڕەگەزی نێرو ڕێژەی (%٤٤,٤)ی لەڕەگەزی مێ پێکدێت، کەڕێژەی ڕەگەزی مێ کۆی هەموو ئەو ڕەگەزەیە لەهەرسێ بەشەکانی خانەی نەوجەوانان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و هەولێرو دهۆك، ئەم جیاوازییەش لەڕێژەی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سروشتی و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان کە لەهەرێمی کوردستاندا هەیە

کەمی ناردنی ڕەگەزی مێ بۆ دامەزراوەکانی لەخۆگرتن، چونکە خێزانەکان کەتووشی کێشەو ڕووداو دەبن ئەوا ڕەگەزی مێیان لا دەمێنێتەوەو یان لای کەسوکاریان دەیهێڵنەوە بەبیانووی پاراستنی شەرەفی خێزانەکەو ناوبانگی خێزانەکە بنەماڵەکەی، بوونی ڕێژەی زۆر لەڕەگەزی نێر لەناو خانەدا بەهۆی ئەوەوەیە کەئەم ڕەگەزە زیاتر تووشی لادان و ڕەفتاری خراپ دەبێت و دەربەدەری دەبێت ئەگەر کەس نەبێت سەرپەرشتی بکات.

خشتەی (٢ ) دابەشکردنی تەمەنی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکەنیشان دە دات

| ئاستەکانی تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 12- 14 | 14 | 38.8% |
| 15- 17 | 16 | 44.4% |
| 18- 20 | 6 | %١٦,٦٦ |
| کۆی گشتی | ٣٦ | %٩٩,٩٨ |

ئاستە جیاوازەکانی تەمەن هەڵگری کۆمەڵێک بیروبۆچوون و بیرکردنەوەی دیاریکراون کە بەتێڕوانینی جیاواز بابەت و دیاردەو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە دەخەنەڕوو، چونکە هێزو تواناو چالاکی و هەڵچوونەکان لەقۆناغێکی تەمەنەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی تەمەن گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەرخستنی جیاوازی تەمەنی نەوجەوانان و ڕۆڵیان لەوەڵامدانەوەی سەبارەت بەڕەوشی ژیانیان و ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێەوە بەچەند ئاستێکی تەمەنی نەوجەوانان خراونەتەڕوو، هەروەك لەئەنجامەکانی خشتەی (٢) دا دەردەکەوێت، ڕێژەی نەوجەوانانی نموونەکە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٢-١٤) ساڵ و ڕێژەکەیان دەگاتە (%٣٨,٨)و هەروەها ڕێژەی ( %٤٤,٤ )ی نەوجەوانانی نموونەکە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٥-١٧) ساڵ و ڕێژەی (%١٦,٦)یان تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٨-٢٠) ساڵ، ناوەندی ژمێری تەمەنی نموونەکە (١٤) ساڵە.ئەوەی تێبینی کرا لەناو خانەکانی نەوجەوانانددا گرنگی درابوو بەتەمەنی نەوجەوانان و پۆلینکردنیان لەلایەن کارگێڕی خانەکانەوە، بەڵام بەهۆی بوونی کۆمەڵێك خوشك لەخانەی کچان و کۆمەڵێك برا لەخانەکانی کوڕان، ئەمەش تێ:کەڵبوونێك دەبینرا لەناو خانەکاندا، چونکە نەوجەوانە کچەکان خوشکە بچووکەکانیان لەخۆدەگرت و پێکەوە دەبوون لەهۆڵێکداو بەهەمانشێوەش لەخانەکانی کوڕاندا بۆئەوەی دانەبڕێن لەگەڵ یەکداو پێکەوە بژین هەروەك چۆن لەناو خێزانێکی سروشتیدا دەژین، بەڵام لەبەرئەوەی نەوجەوانان لەتەمەنی (١٢-١٨) ساڵ لەیەك بینادا دەژیان، بەڵام ژوورەکانیان جیاکرابووەوە کاریگەری هەبوو لەسەر پێکەوە نەگونجاندنیان و شەڕکردن و ترساندنان، بەتایبەتی ئەوانەی کەتەمەنیان لە(١٧) ساڵ بەرەو سەرەوە بوو ئەوانەی لەخۆیان بچووکتربوایە گاڵتەیان پێدەکردن و ئەیان شکاندنەوەو پێیان پێدەکەنین، لەکاتێکدا کەقسەیان دەکردو ڕەفتارێکیان دەکرد زۆرجار گلەییان دەکرد لەسەر ئەوەی کەپێکەوەن و لەیەك بینادان، چونکە کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر تەمەنە بچووکەکان و چاویان لەگەورەکان دەکرد لەزۆر قسەکردن و هەڵسوکەوتدا.

خشتەی (٣) شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکەنیشان دە دات

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ناوەندی پارێزگا | ١٦ | %٤٤,٤ |
| قەزا | ١٢ | %٣٣,٣ |
| ناحیە | ٥ | %١٣,٨ |
| لادێ | ٣ | %٨,٣ |
| کۆی گشتی | ٣٦ | %٩٩,٩٨ |

ئەم گۆڕاوەش گرنگە لەم توێژینەوەیەدا بخرێتەڕوو، بەهۆی ئەوەی ئەو نەوجەوانانەی کەهاتوون بۆ خانەکانی شوێنی نیشتەجێبوونیان پەیوەندی هەیە بەڕۆشتنیانەوە بۆ ناو خانەکان و بەهۆی ئەو جیاوازییەی کەهەیە لەبەهاو نەریتی کۆمەڵایەتی هەر ناوچەیەك ئیتر شار بێت یان قەزا یان ناحیە یان لادێ، لەخشتەی (٣)دا دەردەکەوێت کەزۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە لەناوەندی پارێزگادا نیشتەجێبووەو رێژەکەشی دەگاتە (٤٤،٤%)، رێژەی (٣٣،٣%)ی نموونەی توێینەوەکە لەقەزادا نیشتەجێبوون و رێژەی (١٣،٨%)ی نموونەی توێژینەوەکە لەناحیەو هەروەها رێژەی(٨،٣%)ی نموونەی توێژینەوەکە لەلادێ نیشتەجێبوون .بەپێی ئەم ئەنجامە کەڕوونیدەکاتەوە زۆرینەی نەوجەوانان لەشارو قەزاکاندا نیشتەجێبوون و لەلایەن کەسوکاریانەوە نێردراونەتە خانەکانی نەوجەوانان لەوێدا سەرپەرشتی دەکرێن، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ژیان لەشارداو بەهۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییە هاوسەریەکان و زۆربوونی رێژەی جیابوونەوەو زۆربوونی رێژەی مردن و خراپیی باری ئابووری و بوونی کێشەی جۆراوجۆر لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی وتەندروستییەوە لەشاردا، لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی شار کەمتر پابەندن بەبەهاو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەو کێشانەی کەهەیانە کاریگەری خراپیان لەسەر دەکات و زوو بڕیاردەدەن، بەڵام ئەم دیاردەیە لەناحیەو لادێکاندا کەمتر بوونی هەیە بەهۆی پەیوەستبوونیان بەبەهاو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەتایبەتی لەلادێدا.

خشتەی (٤) دابەشکردنی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی ئاستی خوێندنیانیشان دە دات

| ئاستەکانی خوێندن | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | ٢٠ | %٥٥،٥ |
| ئامادەیی | ١٦ | %٤٤،٤ |
| کۆی گشتی | ٣٦ | %٩٩،٩ |

ئاستی خوێندەواری یەکێکە لەو گۆڕاوە سەربەخۆیانەی کەلەم توێژینەوەیەدا بایەخی پێدراوەو خراوەتەڕوو، خشتەی (٤) ئەوە دەردەخات کەرێژەی (٥٥،٥%)ی نموونەی توێژینەوەکەلەئاستی بنەڕەتیدادەخوێنن،کەئەمەزۆرینەی رێژەی توێژینەوەکەیەو رێژەی (٤٤،٤%)ی نموونەکە لەئاستی خوێندنی دواناوەندیدا دەخوێنن.ئەوەی تێبینی دەکرا نەوجەوانان لەخانەکاندا لەسەر هەرسێ ئاستی پارێزگاکان بەگشتی و لەپلە جیاواکەکاندا، بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیان، چونکە لەخانەکاندا هیچ نەوجەوانێك وەرناگیرێت ئەگەر بێت و نەخوێنێت، واتە دەخوێنن مەرجێکە لەمەرجەکانی وەرگرتنی نەوجەوانان بەردەوامبوونە لەخوێندن و هەروەك لەدەرئەنجامەکەی ئەم خشتەیدا دەرکەوتووە کەهەموویان دەخوێنن لەئاستە جیاوازەکاندا، ئەگەربێت و لەخوێندنیش دواکەوتبن بەهۆی ئەو دۆخە ئاڵۆزەی تێیدا بووەو نەیتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تەواوبکات یان دواکەوتووە، ئەوا لەناو خانەکاندا نێردراونەتەوە بۆ قوتابخانەکان و بەگشتی هەموویان دەخوێنن.

خشتەی (٥) خستنەڕووی هۆکاری رۆشتنی نەوجەوانان بۆ خانە نیشان دە دات

| هۆکار | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەبوونی باوك | ٥ | %١٣،٨ |
| نەبوونی دایك | ٨ | %١٦،٣ |
| نەبوونی هەردووکیان | ١٢ | %٣٣،٣ |
| جیابوونەوە | ١١ | %٣٠،٥ |
| کۆی گشتی | ٣٦ | %٩٩،٩٨ |

خستنەڕووی هۆکاری ڕۆشتنیی نەوجەوانان بۆ خانەکان لەم توێژینەوەیەدا گرنگە بۆ زانینی بارودۆخی هەریەکە لەنەوجەوانان و ڕۆشتنی بۆ ناو خانەکان، لەڕاستی دایك و باوك دوو کەسی جیاوازن لەڕووی ڕەگەزو پێشینەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ئابووری و ڕۆشنبیری و دەروونی و خێزانی و شوێن و پێگەی کۆمەڵایەتیان لەناو کۆمەڵگەدا، جگە لەبوونی جیاوازی لەڕووی پێگەیاندن و پەروەردەو فێرکردنەوە کەوەریانگرتووە لەخێزانەکانیانەوە، سەرەڕای ئەمەش دایك و باوك لەقۆناغەکانی منداڵی و دوامنداڵی و نموونەی باڵان بۆ نەوجەوان، کەئەمەش کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر باری کۆمەڵایەتی و دەروونی و تەندروستی و ئابووری نەوجەوان بەتایبەت ئەو پەیوەندییەی کەهەیە لەنێوانیاندا، چونکە زۆرجار خراپی پەیوەندییەکانی نێوان دایك و باوك بەرەو کۆتایی دێت و شیرازەی خێزانەکە تێکدەدات و کەسیان لێبووردەییان نییە بەرامبەر بەیەك و جیابوونەوە ڕوودەدات یان بەهۆی مردنی یەکێکیان یان هەردووکیان کەکاریگەری خراپ لەسەر ڕۆڵەکانیان بەجێدەهێڵێت، چونکە کەسوکارەکانیان منداڵەکان لەخۆناگرن و دەیاننێرن بۆ خانەکانی نەوجەوانان،هەروەك لەئەنجامەکانی خشتەی (٥)دا دەرکەوتووە کەڕێژەی ( ١٣,٨%)ی نموونەی توێژینەوەکە مانەوەی لەخانەدا دەگەڕێەوە بۆ نەمانی باوکی و ڕێژەی (١٦,٣%) ی ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکە بەهۆی نەمانی دایکەوە لەخانەدا نیشتەجێن،ڕێژەی (٣٣,٣%)ی مانەوەی نەوجەوانان دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی دایك و باوکیان، ئەمەش زۆرینەی ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکەیە،ڕێژەی (٣٠,٥%)ی نموونەی توێژینەوەکە بەهۆی جیابوونەوەی دایك و باوکەوە نیشتەجێن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئاڵۆزیی پەیوەندییەکان و خراپیی باری ئابووری و نەگونجانی خێزانەکان پێکەوە لەگەڵ خزم و کەسوکارداو نەمانی یاخود کەمبوونەوەی سۆزو خۆشەویستی و بەزەیی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا.

خشتەی ( ٦) ئارەزوی نە وجە وانان نیشان دە دات

| ئارەزوو | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| گۆرانی | ٣ | ٤ | ٧ | %١٩,٤ |
| خوێندن | ٢ | ٢ | ٤ | %١١,١ |
| وەرزش | ٢ | ٦ | ٨ | %٢٢,٢ |
| پزیشك | ٣ | ٢ | ٥ | %١٣,٨ |
| نیگار | ٢ | ١ | ٣ | %٨,٣ |
| مەلەوانی | ٤ | ٥ | ٩ | %٢٥ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٢٠ | ٣٦ | %٩٩,٨ |

لەئەنجامەکانی خشتەی (٦)دا دەرکەوتووە کەڕێژەی (١٩,٤%)ی نموونەی توێژینەوەکە بە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ وە ئارەزووی گۆرانی وتنیان هەیە و ڕێژەی ( ١١,١%)ی ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکە ئارەزووی خوێندنوەیان هەیە بە هەدوو ڕەگەزە نێر و مێ وە،ڕێژەی ( ٢٢,٢%)ی نمونەی توێژینەوەکە ئارە زووی وەرزشیان هەیە کە زۆرترین ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکەیە، ،ڕێژەی (١٣,٨%)ی نموونەی توێژینەوەکە ئارە زوو دەکەن ببنە پزیشکی داهاتوو .وە ڕێژەی (٨,٣%)ئارەزووی نیگار کێشان دەکەن لە کۆی هەردوو ڕەگەکە دەکاتە کەمترین ڕێژەی ئارەزووی کردنی نەوجەوانان.ڕێژەی (٢٥%)نمونەی توێژینەوەکە بە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێوە ئارەزووی مەلە کردن دەکەن .

خشتەی (٧) پەرش و بڵاوی بیروهۆشی نه وجه وانان لەکاتی وانەکان نیشان ده دات

| پەرش بڵاوی بیرو هۆشی نه وجه وانا لەکاتی وانەکان | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | | |
| هەندێك جار | ٥ | ٣ | ٨ | %٢٢,٢ |
| زۆر | ٦ | ١ | ٧ | %١٩,٤ |
| کەم | ٦ | ٢ | ٨ | %٢٢,٢ |
| بێ وەڵام | ٢ | ١ | ٣ | %٨,٣ |
| بەدەگمەن | ١ | ٩ | ١٠ | %٢٧,٧ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ١٦ | ٣٦ | %٩٩,٨ |

له ئەنجامی خشتەی(٧) له کۆی( ٣٦ )نەوجەوانان به ڕەگەزی نێرو مێ وه( %٢٧,٧)به دەگمەن بیرو هۆشیان لای وانەکانیانه کەلەراسیتیدازۆر زۆره ڕێژەکە.وەرێژەی( ٢٢,٢%) هەندێ جار یان کەم بیرو هۆشیان لای وانەکانیانه . وه ڕێژەی( ١٩,٤ %)زۆر بەباشی ئاگایان لەوانەکانیانەووبیروهۆشیان پەرژبڵاو نابێتەوه .بەڵام ڕێژەی( ٨,٣%)وەڵامی پرسیارەکەیان نەداوەتەوه.کەواته بەپێی ئەو ڕژانەی سەرەوه ئەوه دەگەیەنێ که زۆربەیان بەدەست نەبوونی ( ترکیز) وه ئەنالێنن . لەئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت که نەوجەوانانی ڕەگەزی نێر له ڕووی وریاییەوه لەکاتی وانەکان له ڕەگەزی مێ باشترن کەئەمەش لەوانەیه بگەڕێتەوه بۆ چەندین هۆی سایکلۆژی و سۆسیۆلۆژی یان شوێنەواری .

خشتەی (٨) شەڕه نگێزی لەنێوان نەوجەوانان نیشان ده دات

| شەڕانگێزی لەنێوان نەوجەوانان | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| هەندێ جار | ٦ | ٩ | ١٥ | %٤١,٦ |
| هەمیشه | ٣ | ٢ | ٥ | %١٣,٨ |
| کەم | ٣ | ٥ | ٨ | %٢٢,٢ |
| نەخێر | ٤ | ٤ | ٨ | %٢٢,٢ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٢٠ | ٣٦ | ٩٩,٨% |

له ئەنجامی خشتەی(٨)بەڕەگەزی نێرو مێ وەپێیان وایه هەندێ جارشەڕانگێزی لەنێوانیاندا ڕوودەدات بەرێژەی(%٤١,٣) کەلەراسیتیدازۆر زۆره ڕێژەکە.وەرێژەی( ٢٢,٢%) پێیان وایه کەکەم یان نەخێر شەڕانگێزی لەنێوان نەوجەواندا ڕوونادات . وه ڕێژەی(١٣,٨%)له نەوجەوانان پێیان وایه که شەڕانگێزی هەمیشه ڕوو دەدات لەنێویاندا. لەئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت که نەوجەوانان شه ڕ و شەڕانگێزی له نێویاندا ڕوو دەدات.

خشتەی (٩) لێدانی نەوجەوانان لەخانەی چاودێری وکۆمەڵایەتی لەلایەن هاوڕێکانیانەوه نیشاندەدات

| لێدانی نەوجەوانان لەلایەن هاوڕێکانیانەوه | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| هەندێجار | ٥ | ٨ | ١٣ | %٣٦,١ |
| هەمیشه | ٠ | ١ | ١ | %٢,٧ |
| کەم | ٤ | ٢ | ٦ | %١٦,٦ |
| نەخێر | ٧ | ٩ | ١٦ | %٤٤,٤ |
| کۆ | ١٦ | ٢٠ | ٣٦ | ١٠٠% |

له ئەنجامی خشتەی(٩)بومان دەردەکەوێت کە رێژەی (٤٤,٤%) وەڵامیـان نەخێـر بـوو بەرەگەزی نێـرو مـێ لێـدانی نەوجەوانـان لەخـانەی نەوجەوانانـدا لەلایەن هاورێکانیانەوەوەپێیـان وایەرێـژەی(٣٦,١%)هەنـدێ جارشـەڕولێدان لەنێوانیانـدا ڕوودەدات. بەرێـژەی(١٦,٦%) پێیـان وابـوو کەلێـدان لەنێوانیـادا کەمە. وەرێـژەی(٢,٧%) پێیـان وایە کەهەمیشە لێدان لەنێـوان نەوجەوانانـدا ڕوونـادات .لەئەنجامـدا بۆمـان دەردەکەوێـت کە نەوجەوانـان شـە ڕ و لێـدان لەنێوانیانـدا ڕوو دەدات کە ئەمەش دەگەڕێـتەوە بـۆ قۆناغەکـانی گەشـەکردنیان کە سـەرەتای تەمەنـی هەرزەکـاریە وگۆڕانکـاری لە هۆرمۆنەکانیانـدا ڕوودەدات کە کۆمەڵێـك خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی خـۆیی هەیە لەم قۆنـاغەدا.بۆیە پێویستە پەرەی پێبدرێت بۆ درووستکردنی کەشی سۆزو  خۆشەویستی لەنێوان نەوجەوانانـدا.

خشتەی ( ١٠) پەیوەنی نێوان نەوجەوانان

| ئاستی پەیوەنی نێوان نەوجەوانان | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەیسەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| باش | ٥ | ٤ | ٩ | %٢٥ |
| مامناوەند | ٤ | ١٠ | ١٤ | %٣٨,٨ |
| خراپ | ٧ | ٦ | ١٣ | %٣٦,١ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٢٠ | ٣٦ | ٩٩,٩% |

لەئەنجامی خشتەی(١٠)بەرەگەزی نێرومێ وەپێیـان وایەئاسـتی پەیوەنـدی نێـوان نەوجەوانـان بەرێـژەی (%٣٨,٨) لەئاسـتێکی مامناوەنـدایەوەرێژەی(%٢٥)لەئاسـتێکی باشـدایە پەیوەنـدی لەنێوانیانـدا بەڵام بەرێـژەی(%٣٦,١)کەلەراسـیتیدازۆرە رێـژەکەی پێیـان وایە پەیـوەنی نێـوان نەوجەوانـان خـراپە. لەئەنجامـدا بۆمـان دەردەکەوێت کە نەوجەوانان پەیوەندی نێوانیـان لەئاسـتێکی پێویسـتدا نـیە و هەمـوو کـات بەهـۆی ئەو بـارودۆخەی کەتێدا دەژین و ئەویش هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەنـدێك لەو منـداڵانە گۆشـەگیرن یـاخود شـەرم ئەکەن یان هەست بە بێ هیوای ئەکەن یان هاورێکانیان خۆش ناوێت پەیوەندیان لەگەڵ یەك باش نییەوشـە ڕ و شـەڕانگێزی لە نێویاندا ڕوو دەدات.

خشتەی ( ١١)  زێدەخەوی نەوجەوانان نیشان دە دات

| زێدەخەوی نەوجەوانان | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| هەندێجار | ٦ | ٣ | ٩ | %٢٣ |
| هەمیشە | ٩ | ١٣ | ٢٢ | %٦١ |
| نەخێر | ١ | ٤ | ٥ | %١٣,٣ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٢٠ | ٣٦ | ٩٩,٩٨% |

لە ئەنجامی خشتەی(١١)بەرەگەزی نێرو مـێ وەپێیـان وایە هەمیشـەزێدە خەون بەرێـژەی(%٦١) کەلەراسـیتیدازۆر زۆرە رێژەکە.وەرێژەی( %٢٣) پێیان وایەکەهەندی جار  زێدە خەودەبن.وە رێژەی(%١٣,٣)لە نەوجەوانان پێان وایە کە زێدە خەو نابن. لەئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە نەوجەوانان بەهـۆی ئەو قۆنـاغەی کەتێـدایەکە ئەویـش سـەرەتای هەرزەکـاریە  و گەشـەکردنی هۆرمۆنەکـانی و زێـدە خەو دەبیـت وسـەرەڕای ئەوەی کە دورە لە سـۆزی خوشەویسـتی خێزان.

خشتەی ( ١٢) گەڕان بەدوای ناسنامەدانیشان دە دات

| گەڕان بەدوای ناسنامەدا | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| هەندێجار | ٣ | ٥ | ٨ | %٢٢,٢ |
| هەمیشە | ٤ | ٨ | ١٢ | %٣٣,٣ |
| نەخێر | ٩ | ٧ | ١٦ | %٤٤,٤ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٢٠ | ٣٦ | ٩٩,٩% |

لەئەنجامی خشتەی(١٢)بەڕەگەزی نێرومێ وەپێیان وایەنەوجەوانان ناگەڕێن بەدوا ناسنامەدا بەرێژەی(٤٤,٤%) کەلەراستیدارێژەکەزۆرە.وەرێژەی(٣٣,٣%)پێیاوایەهەمیشە نەوجەوانان لەدووی ناسنامەدا دەگەرێن .وە ڕێژەی(٢٢,٢%)لە نەوجەوانان پێان وایە کە هەندی جار بەدوای ناسنامەدا دەگەڕێن. لەئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە نەوجەوانان بەهۆی ئەودۆخەی کەتێدایەکەبەوکێشەیەوەدەناڵن کەتائێستاش زۆرێکیان ناسنامەیان نیە مە بە ست لە کەرانە بە دوای خێزان و خاوە ن نە وجە وانە کە ڕاستیدا ئەمەکێشەیە لە کێشە کۆمەڵایەتیەکانی نەوجەوانان دورە لە سۆزی خوشەویستی خێزان.ئەم دیاردەیەش هۆی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە بۆیە پێویستە لێی بکۆڵرێتەوە نەك لەسەر ئاستی خانەی چاودێری بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگا بەگشتی.

خشتەی ( ١٣ ) ئارەزووی مانەوە لەخانەی نەوجەواناندا نیشان دە دات

| ئارەزووی مانەوە لەخانەی نەوجەواندا | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| نەخێر | ١٢ | ١٥ | ٢٧ | %٧٥ |
| بەڵێ | ٤ | ٥ | ٩ | %٢٣ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٢٠ | ٣٦ | ٩٨,٥% |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرتر ئارەزووی دەرچوونیان هەیە لەخانە نەك مانەوەیان بەڕێژەی (٧٥%) ، وەڕێژەی( ٢٣%)ئارەزووی مانەوە دەکەن لە خانەکاندا.ئەمەش ئەگەڕێتەوە زیاتر بۆ دووهۆی سەرەکی کە یان لەبەر دووریان لەخێزان ویان لەبەرڕەفتاری خراپی ناو خانەکەدەیانەوێت دەربچن.کە هۆکارەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کەلەخانە کارمەندەکان لەگەڵیان باش نین وشوێنەکە خراپەو پشتگوێخراون و بایەخیان پێنادرێ و ڕەفتاری خراپی کارمەندەکان یان خراپی شوێنەکەوە یان سەیرکردنیان بەکەمی لەلایەن کۆمەڵ.

خشتەی ( ١٤) پەیوەندی نەوجەوانان لەگەڵ کارمەندانی خانەی نەوجەوانان نیشان دە دات

| پەیوەندی نەوجەوانان لەگەڵ کارمەندانی خانەی نەوجەوانان | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| باشە | ٣ | ٥ | ٨ | %٢٢,٢ |
| خراپ | ٨ | ١٢ | ٢٠ | %٥٥,٥ |
| مامناوەندە | ٥ | ٣ | ٨ | %٢٢,٢ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٢٠ | ٣٦ | ٩٩,٩% |

لەئەنجامی خشتەی(١٤)بەڕەگەزی نێرومێ وەپێیان وایەنەوجەوانان پەیوەندی کارمەندان لەگەڵیادا خراپە بەرێژەی(٥٥,٥%)کەلەراستیدا رێژەکەزۆرە وەرێژەی (٢٢,٢%) پێیان وایەپەیوەندی نەوجەوانان باشە لەگەڵ کارمەندانی ناو خانەکاندا وە ڕێژەی(٢٢,٢%)لە نەوجەوانان پێان وایە کە کەپیوەندیەکی مامناوەند هەیە لەنێوان

کارمەنـدانی نـاو خـانەکە و نەوجەوانانـدا کە هەردوو ڕێـژەیەش وەك یەك دەرچـوون لەمەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کە بەدەسـت ڕەفتـاری خـراپەوە دەنـاڵێنن لەم خـانەیە کە لەلایەن تـوێژەران وکارمەنـدانی خـانەکەوە لەگەڵیـان ئەنجـام دەدرێت کە ئەمەش کاریگەری کۆمەڵایەتی و دەروونزانـی ئەبێـت . وەلایەنە بەرپرسـەکان پێویسـتە بەڕاشـکاوی ئەم گرفە نەهێڵن و هۆیەکەی چارەسەر بکەن .

خشتەی ( ١٥) دیاردەی شەرمنی لای نەوجەوانان نیشان دە دات

| دیاردەی شەرمنی لای نەوجەوانان | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| هەندێجار | ٦ | ٥ | ١١ | %٣٠ |
| هەمیشە | ٦ | ١٢ | ١٨ | %٥٠ |
| نەخێر | ٤ | ٣ | ٧ | %١٩ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٢٠ | ٣٦ | %٩٩,٩ |

لەئەنجامی خشتەی(١٥)بەڕەگەزی نێرومێ وەپێیان وایە دیاردەی شەرمنی لای نەو جەوانان هەمیشەیە وبەردەوام شەرم دەکەن بەرێژەی(%٥٠)کەلە راسیتیدا رێژەکەزۆرە وەرێـژەی (%٣٠) پێیـاوایە هەنـدێ جـار نەوجەوانەی شـەرمنە .وە ڕێژەی(% ١٩) لە نەوجەوانان پێان وایە شەرم ناکەن لەمەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کە هەسـت بەشـەرم دەکەن کە زیاتر توشی ئەم دیاردەیە ئەبن لەبەر ئەم هۆکارانە پەروەردەی خانەوادە کە گیانی شەرم لەم توێژە ئەچێنێ کەلتـوری نێرکەهەلەکـان بـۆ کـوڕ زیـاتر ئەڕەخسـێنی وەك لە کاتێـك کچێـك ڕای خـۆی دەرئەبـڕێ وائەزانـی کەسـنوری شـەرمی تێپەڕاندووەکچ هەر لەزووەوە دوورە پەرێز دەکرێ چ لەمالەوە یان لەدەرەوەی ماڵ.

خشتەی ( ١٦ ) ترس لای نەوجەوان نیشان دە دات

| ترس لای نەوجەوان | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| هەندێجار | ٧ | ٦ | ١٣ | %٣٦ |
| هەمیشە | ٦ | ٦ | ١٢ | %٣٣ |
| نەخێر | ٣ | ٨ | ١١ | %٣٠ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٢٠ | ٣٦ | ١٠٠% |

لەئەنجــامی خشــتەی(١٦)بەرەگەزی نێرومــێ وەپێیــان وایەهەنــدێك جــار ترســیان هەیە یــاخود دەترســن بەرێژەی(%٥٥,٥) کەلە راسیتیدا رێژەکە زۆرە.وەرێژەی (%٣٣)پێیاوایە هەمیشە دەترسـن .وە ڕێـژەی (%٣٠)لە ووتیـان نەخێرناترسین وە زیاتر لەشەواندا توشی ترس دێـن بە وپـێەی وەڵامـی نەوجەوانـان ترسـیانهەیە لە ئـارامی ژیانیـان چونکە ئیوان لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دا دەژین.

خشتەی ( ١٧ ) دیاردەی دوودڵی لەلای نەوجەوانان نیشان دە دات

| دیاردەی دوودڵی لەلای نەوجەوانان | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| هەندێجار | ٢ | ٨ | ١٠ | %٢٧ |
| هەمیشە | ١٣ | ١٠ | ٢٣ | %٦٣ |
| کەم | ١ | ٢ | ٣ | %٨ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٢٠ | ٣٦ | ٩٩,٩% |

لەئەنجامی خشتەی(١٧)بەڕەگەزی نێرومێ وەپێیان وایەهەمیشە دوودڵ و نائارامن و بەردەوام هەست بە دڵە ڕاوکێ دەکەن کە بەرێژەی(٦٣%) کەلە راسیتیدا رێژەکە زۆرە.وەرێژەی (٢٧%)پێیاوایە هەندێك جارهەست بە دوودڵی دەکەن .وە رێژەی (٨%) ووتیان زۆر کەم هەست بە دودڵی دەکەین پێویستە لەسەر توێژە و پەیوەندداران لەکاریگەری خراپی ئەم دیاردەیە لەسەر نەوجەوانان بکۆڵنەوە چونکە ئەم دیاردەیە ئەبێتە هۆی نەخۆشی خەمۆکی و دووره پەرێزی .

خشتەی ( ١٨ )هەستکردن بە نامۆیی نیشان دە دات

| هەستکردن بە نامۆیی | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| نەخێر | ٥ | ١٣ | ١٨ | %٥٠ |
| بەڵێ | ١٠ | ٧ | ١٧ | %٤٧ |
| بی وە لام | ١ | ٠ | ١ | ٢% |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٢٠ | ٣٦ | %٩٩,٩ |

لەئەنجامی خشتەی(١٨)بەڕەگەزی نێرومێ وەپێیان هەست بە نامۆی ناکەن لە ناو خانەکانی نەوجەوانانـدا کە بەرێژەی(٦٣%) .وەرێژەی (٤٧%) پێیان وایە هەست بەنامۆی دەکەن .وە ڕێژەی (٢%)وەلامیان نەداوەتەوە.لەڕاستیدا ئەم هەستی لای نەوجەوانان دروست دەبێت بە هۆی ئەو بارو دۆخەی کەتێیدایە چونکە بەپێی تێبینی کردن وسەرنجدانی توێژەر بۆی دەرکەوت کە زۆرێکیان بێ هیوان لە ژیان و بەردەوام چاوەڕی ئەوە دەکەن کە لەخانە بێنە دەرێ و بچنەوە نێو خێزانەکانیان هەر ئەمەش وا لێکردوون کە هەست بە نامۆی و بێزاری بکەن.

خشتەی ( ١٩) ڕەزامەندی نەوجەوانان بە سەرجەم بەرنامە و چالاکیەکانی ناو خانەنیشان دە دات

| ڕەزامەندی نەوجەوانان بە سەرجەم بەرنامە و چالاکیەکانی ناو خانە | ڕەگەز | | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | | |
| بەڵێ | ٦ | ٥ | ١١ | %٣٠ |
| نەخێر | ١٠ | ١٥ | ٢٥ | %٧٠ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ٢٠ | ٣٦ | ١٠٠% |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرتر ئارەزووی ڕەزامەند نین بە بەرنامەو چالاکیەکانی خانەکانی نەوجەوانان بەڕێژەی (٧٠%) ،وەڕێژەی( ٣٠%) ڕەزامەندن بە بەرنامەو چالاکیەکان لەناو خانەکاندا.ئەمەش ئەگەڕێتەوە زیاتر بۆ دووهۆی سەرەکی کە یان لەبەر دووریان لەخێزان ویان لەبەرڕەفتاری خراپی ناو خانەکەدەیانەوێت دەربچن.کە هۆکارەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی نەوجەوانان بەباشی پێویستیەکانیان بۆفەراهەم نەکرێت و چالاکی جۆراو جۆریش ئەنجام نەدرێت لە ناو خانەکاندا هەرچەندە لە قۆناغێکدان بەردەوام پێویستایان بە دەربڕینی تواناکانیان هەیە چونکە ئەوان لە تەمەنیکی گەشەکردنی خێرادان و پێوسیتیان بە چالاکی بەردەوام هەیە بۆئەوەی توانلکانیان و ووزەکەیان بخنە گەڕ و گەشە بەهەموولایەنە معریفی و هزری و جەستیەکانیان بەباشی گەشە بکەن.

**دەرئەنجام:**

١- ڕێژەی (٥٥,٥%) لەم توێژینەوەیەدا ڕەگەز ی نێر بەشدار بوون ڕێژەی (٤٤,٤%) مێ لەم توێژینەوەیەدا بەشدار بوون.

٢- لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەوەی کە ئەو منداڵانەی هاتوون بۆ خانەی نەوجەوانان بە هۆی نەبوونی دایك وباوکیانەوەبووە کەزۆرترین ڕێژە بووە لە نێو خانەکەدا.

لە ئەنجامی خستنە ڕووی گرفتە دەرونیەکان و کۆمەڵایەتی یەکانی نەوجەوانان لەناو بنکەی چاودێری کۆمەڵایەتیدا بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی زورینەیان بەهەردوو رەگەزی نێر و مێ وە بارودوخێکی نا جێگیر و بە دەست گرفتەدەرونی کۆمەڵایەتیەکانەوە دەناڵێنن وەك شەڕانگێزی وشەرمنی و ترس و کێشەی گەڕان بەدوا ناسنامەدا و خراپی پەیوەندیەکانیان لە گەڵ هاورێکانیاندا.

٣- هەروەها یەکێکی تر لە و دەرئەنجامەی کە بۆمان دەرکەوتوە لە نێوخشتەکاندا ئەوەیە کە ڕێژەی (٧٥%) نەوجەوانان حەزدەکەن خانەکان بە جێبهێڵن و بگەڕێنەوە نێو باوەشی گەرمی خێزانەکانیان کە لە ڕاستیدا خێزان یەکەمین دامەزراوەیەیە کە مرۆڤ تێیدا هەست بە ئارام و خوش بەختی و دروست بوون دەکات.

٤- لە دەرئەنجامێکی تردا بۆمان دەرکەوت کە پەیوەندی نێوان نەوجەوانان و کارمەندانی نێو خانەکان باش نیە و کەمتەر خەمیەکی تێدایە ڕێژەی (٥٥,٥%) ی نەوجەوانان دەلێن پەیوەندیەکانمان باش نیە لە گەڵ کارمەندان و توێژەرەکاندا چونکە توتند وتیژین بەرامبەریان.

٥- ڕەزامەندی نەبوونی نەوجەوانان بە سەرجەم بەرنامە و چالاکیەکانی ناو خانە کە بەرێژەی (٧٠%)ی نەوجەوانان ڕەزامەند نین بە سەرجەم بەرنامە و پرۆگرامەکان هۆکارەکەیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کەبەباشی پێویستیەکانیان بۆفەراهەم ناکرێت و چالاکی جۆراو جۆریش ئەنجام نادرێت لە ناو خانەکاندا هەرچەندە لە قۆناغێکدان بەردەوام پێویستایان بە دەربڕینی تواناکانیان هەیە چونکە ئەوان لە تەمەنیکی گەشەکردنی خێرادان و پێوسیتیان بە چالاکی بەردەوام هەیە بۆئەوەی تواناکانیان و ووزەکەیان بخنە گەڕ و گەشە بەهەموولایەنە معریفی و هزری و جەستیەکانیان بەباشی گەشە بکەن.

٦- هەست کردن بەنامۆی و ترس و دوودڵی و لە نێونەوجەوانانـدا بەردەوامە کە ئەمانەجۆرێکن لە جۆرەکانی گرفتە دەروونیەکان ئەگەر بەردەوام بونی دەبێتە هۆی نەخۆشیە دەروونیەکان.سەرەڕای هەموو ئەمانەش کێشەی خێزانیەکان و نەبوونی پەیوەندی باش لە نێو نەوجەوانانـدا و نەبوونی خێزان و خۆ بە کەم زانینن بەردەوام لە بارودۆخێکی ناجێگیری ناو خانەکان کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی لی دەکەوێتەوو بەردەوام وهەربۆیە نەوجەوانان بە هۆی ئەو بارودۆخەی کەتێیدا دەژین هەست بە نا ئارامی و نا دادپەروەری نێو خانەکان دەکەن و لاساری یاساکانی نێو خانەکان دەکەن و ئەمەش هۆکارە بۆ سزا دانیان و بەکار هێنانی توندو تیژی لە لایەن ستاف و کارمەندانی نێو خانەکان بەرامبە رنە جەوانان.

٧- لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە زۆرێك لەو منداڵانە ڕووبەڕووی گرفتی دەروونی بوونەتەوە کە هەست بە تەنیای دەکەن چونکە دوورن لە باوەشی خێزانەکانیان لە نێو خان ژیان بە سەر دەبەن .لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت زۆرێك لەمنداڵان دەڵێن توێژەرانی کۆمەڵایەتی مامەڵەیان زۆر باش بووە لەگەڵمان ، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەیارمەتیمان دەدەن لەچارەسەر کردنی گیروگرفتەکانیاندا.

**ڕاسپاردەکان**

١- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری ئەو منداڵانە ،هەروەها هۆشیاردردنەوەی ئەو منداڵانە لەو سزایانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

٢- هەوڵدان بۆ باشترکردنی پەیوەندی لە نێوان منداڵەکان و بەهێزکردنی کە ئەمەش زامنی ئاسایش و ئارامیە لە نێو خانەکەدا.

٣- کەم کردنەوەی گیروگرفت و کێشەکانی منداڵان لە نێو خانەکەدا کە ئەمەش کاری توێژەری کۆمەڵایەتیە.

٤- باشتر کردنی پەیوەندیەکانی نێوان منداڵ و ئەو کەسەی سەردانی دەکات بۆ ئەوەی ئەو منداڵە هەست بە ئارامی دەروونی زیاتر بکات.

٥- هەوڵدان بۆ باشترکردنی کاری دەمەزراوەی خانە لە ڕووی ئەو خزمەت گوزاریانەی کە پێشکەش بەو منداڵانە دەکەن.

٦- گرنگی زیاتر بە توێژەری کۆمەڵایەتی بدرێت هەوڵدان بۆ باشترکردنی پەیوەندی نێوان توێژەری کۆمەڵایەتی و منداڵەکان بۆ زیاتر چارەسەرکردنی گرفتەکانیان.

**پێشنیارەکان**

١- هەوڵبدرێت ئاستی خوێندنی نەوجەوانان بەرزبکرێت وە لە قوتابخانە پتر گرنگی درێت و لەخانەکەش لێکۆڵەرەوەکان سەردانی قوتابخانەکانی نەوجەوانان بکەن وە ئەگەرلەهەندێك وانەباش نین باماموستای تایبەتیان بۆدابین بکرێت لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردە کە هەفتانە چەند کات ژمێرێك خولی بەهێزکردنیان بۆ بکرێتەوە چونکە سەرکەوتنی ئەم نەوجەوانانە لەسەر شانی هەموو لایەکە هەوڵ بدرێت نەوجەوانان گەشتی زانستی و سەردانی کۆلێژو پەیمانگاکان بکەن تا بزانن بۆ چی دەخوێنن وە ژیانی خوێندنی دوارۆژی خۆیان ببینن وەبیری لێ بکەنەوە لە جیاتی ئەوەی بیریان بۆ شتی لاوەکی بڕوات و ئاگایان لە وانەکان نەبێت .

٢-پێویستە توێژەرەکان گیانی خۆشەویستی و تەبایی و هاوکاری لەنێوان نەوجەوانان بەهێز بکەن تاڕقیان لەیەك نەبێتەوە و یارمەتی یەکتر بدەن و هاوڕێیەتی نێوانیان قوڵ بێت بەم شێوەیەش شەڕ لەگەڵ یەکتر ناکەن و درۆ دزی وتوڕەیی و هەست بەخۆکەم زانی و شەرم کردنان کەم دەبێتەوە یان بنبڕ دەبێت

٣-چارەسەرکردنی گرفتی نەوجەوانان بەشێوەیەکی زانستی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خانەکان و داواکردنی یارمەتی لەلایەنی پسپۆڕی تایبەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونزانی لەزانکۆکان کە بەشداریان بکەن هەروەها ئەنجامدانی کۆرو سیمینارولێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت وەلەگرفتەکانیان بکۆڵنەوە چارەسەرێکی پێویستیان بۆبکەن تا ئەو نەوجەوانانە چاویان لەوە نەبێت خانەکان جێ بێڵن و پەراگەندەبن .

٤-ڕێنمایی کردنی نەوجەوانان کە ئاگاداری کەل و پەلی خانەکان بن و بیانپارێزن وەهەست کەن کە ئەم شتانە بۆ خودی خۆیەتی بۆ خزمەتی ئەوانە. نەهێشتن یان کەمکردنەوەی غەم و پەژارەینەوجەوانان بەتایبەتی کچەکان وە گرنگی دان پێیان وە دابین کردنی کاتێکی تەواو بۆ خەوتنیان و ڕۆناکی باش لەکاتی شەو تا ئەوانەی ئەترسن چارەسەربکرێن وە هەروەها هان بدرێن کە گرفتەکانیان لای توێژەرانەوە باس بکەن بۆ چارەسەرکردنیان .

٥-جێبەجێکردنی ئارەزووە گونجاوەکانی نەوجەوانان و ئەنجامدانی چالاکی جۆراو جۆر بۆیان تا بیر لە مردن و خەم و پەژارە نەکەنەوە وەهەست بکەن کە بەئارامی لەم خانانە دەژین و کارمەندەکان و لایەنی پەویەندی دار گرنگیان پێ دەدەن و بەتەنیا نین . پاراستنی نەوجەوانان لەکاری خراپ و توندو تیژی لەخانەکان و وەگرنگی دان

پێیان تابزانن مافەکان و ئەرکەکانیان چیە وەك هاوڵاتیەکی سودمەن و گونجاو و لەیەکەم ڕۆژی هاتنی پێویستە ئەم گرنگیەی پێبدرێت تا لەدڵ و دەرونی بڕەخسێت و ئەم پێشوازی لێکردنەش بەدڵێکی خۆش لێوەربگرێت و کاربکاتە سەری کە بەردەوام بێت لەسەنتەرەکان و وە ئەمەش جێبەجێ دەکرێت ئەگەر لێکۆڵەرەوەکان خولی تایبەت ببینن کە تایبەت بێت بەچۆنێتی پێشوازی لێکردنی منداڵەکان .

٦- پێگەیاندنی ئەو نەوجەوانانەی کە ماوەیان لەخانەکان تەواو دەبێت لەلایەنی ئەکادیمی و و دەروونی و کۆمەڵایەتی تا بەرەنگاری ژیانی دوارۆژیان بن بەسەرکەوتوویی وەك ڕاهێنانیان لەباوەر بەخۆبوون لەبەرەنگاربوونەوە پاڵەپەستۆ دەروونیەکان و شێوەی بەیەك گەیشتنی راست و تێکەڵ بوون لەگەڵ کۆمەڵگا و بڕیاردان بەبەردەوام بوون لە خوێندن و لێکۆڵینەوە و هاوکاریکردنی کۆمەڵگاو بەڕێوەبردنی ژیانی ماڵ و گەشتکردن و گرنگی دان بەتەندرووستی و پاراستنی خۆیان .

٧- کردنەوەخولی تایبەت بەبابەت ولێهاتووی پیشەی لەکاری کۆمەڵایەتی و دەروونناسی وکۆمەڵناسی بۆ توێژەرەکان تا زیاتر شارەزا بن لەکارەکانیاندا. پێویستە یاساکان زیاتر زانستیانەبن نەك یاسایی.کردنەوەی خولی ڕاهێنان وکردنەوەی خولی فێرکردن و پەرەپێدانی توانای بۆچارەسەرکردنی دەروونی.

٨- کردنەوەی خولی فێرکردن بۆ کارمەندانی خانەکان پێش دامەزراندنیان .پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ وەرگرتن و وەرنەگرتنی نەوجەوانان .

## سەرچاوەکان


**١- سە رچاوە عەرەبییەکان**

١) د. عز الدين السيد على ،دور الخدمه الإجتماعيه فى مجال رعايه الإيتام، دار الزهراء للطباعه،لبنان،٢٠١٧.

٢) د.سالم البارى ،مشكلات إجتماعيه ومشكلات جديده ،دمشق،٢٠٠٤ .

٣) معين خليل،الموضوعية تحليل فى البحث الاجتماعى، دارالاوقاف للنشر، بيروت،٢٠٠٠ .

٤) قانون رعاية الاحداث،بغداد.١٩٨٣.

٥) الاستاذ الدكتور احسان محمد الحسن ، مناهج البحث الاجتماعى ، دار وائل للنشر الطبعة الاولى ، ٢٠٠٥ .

**٢-سەرچاوە کوردییەکان**

٦) ڕێکخراوی نەتەوە یەگرتووەکان،مافەکانی منداڵا،چاپی دووەم،چاپخانەی تازە،هەولێر،٢٠٠٠.

٧) محەمەد کەساس،منداڵ وسایکۆلۆژیەتی پەروەردەکردن،چاپی یەکەم،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٠ .

٨) اسما مراد ,پرۆژەی گۆڕینی سستەمی خانە ,هەولێر بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی.

٩) د,کەریم شەریف قەرەچەتانی ،سایکۆلۆژیای ژن و پیاو(بەختەوەری خێزان)،چاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠١٥.

١٠) ئەحمەد حەمە عەلی بابان،بە کۆمەڵایەتی کردن و گەشەی منداڵ ،چاپخانەی تاران،٢٠١٤ .

١١) محمد محمود عبداللە،و.ئارام ئەمین شوانی،دەرونزانی کۆمەڵایەتی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،٢٠١٤.

١٢) نازەنین عوسمان حەمەد،کێشە دەروونیەکانی ژنانی جیا بۆوە لە شاری سلێمانی ،سلێمانی،٢٠١٣ .

١٣) نازەنین عوسمان حەمەد،بنەماکانی دروستی دەروونی،چاپی یەکەم،چاپخانەی پیرەمێرد،٢٠١٣.

١٤) پشتیوان شوان،پەروەردەو باری دەروونی قوتابی لە کۆمەڵگەدا،وەزارەتی ڕۆشنبیری لاوان،هەولێر،٢٠١٢.

١٥) حەسەنی دانیشفەر،بنەماکانی دەروونزانی گشتی،چاپی دووەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات ،هەولێر،٢٠١١.

١٦) د.کەریم شەریف قەرەچەتانی،نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان ،چاپی دووەم،چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی،٢٠١٠.

١٧) د.کەریم شەریف قەرەچەتانی،سایکۆلۆژیای گەشە منداڵ و هەرزەکار،چاپی یەکەم،چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٨) نوری سەعید قادر,ڕەفتار تێکچوونی منداڵ،چاپی یەکەم،چاپخانەی سلێمانی،٢٠٠٧.

١٩) ئا.دیکارتۆ، پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ، و. مستەفا غەفور، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
٢٠) جەلال خەڵف ژاڵەیی،گرنکترین نەخۆشیە دەروونیەکان،چاپی دووەم،چاپەمەنی سلێمانی،٢٠٠٥.
٢١) د.کەریم شەریف قەرەچەتانی،ڕێنمایی کردنی دەروونی ،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٠٥.
٢٢) یوسف عوسمان حەمەد،گەنج وگرفتە دەروونیەکان، چاپخانەی چوارچرا، سەنتەری ڕۆشنبیری بەهرە، هەولێر ، ٢٠٠٥.

**٣- سە رچاوە ئینگلیزییە کان**

23.Tony Lawson and Joan Garrod, complete (A-Z) Sociology, 3rd Edition, Hodder Arnold, London, 2003.

**٤-سەرچاوە ئە لیکترونییە کان**

www.alnoor.info\Directory\dirSub.24
www.bcyh-orphan.com/care-type.htm .25
26.www.acofps.com/vb/showthread.
27.search.mandumah.com/Record.